# آليات الدمج المفاهيمي في لغة الإشارة الكردية

**سازان رضا معين**

**قسم الغة الكوردية ، كلية التربية الساسية، جامعة جامعة صلاح الدين، أقليم كوردستان، العراق**

Sazan.moen@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الدمج المفاهيمي ، المفهوم ،الفضاء الذهني ، لغة الاشارة.

**كيفية اقتباس البحث**

معين , سازان رضا , آليات الدمج المفاهيمي في لغة الإشارة الكردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Conceptual Blending Mechanisms in Kurdish Sign Language.

**Sazan Raza Moen.**
**Department of Kurdish, College of Basic Education University of Salahddin, Region/Province, State Kurdistan Country Iraq**
**Sazan.moen@su.edu.krd**

**Keywords** : Concept blending theory, concept, mental spaces, sign language

**How To Cite This Article**
Moen,Sazan Raza , Conceptual Blending Mechanisms in Kurdish Sign Language. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
This research, entitled "Mechanisms of Conceptual Blending in Kurdish Sign Language," constitutes a cognitive linguistic study drawing upon the foundational principles of Conceptual Blending Theory as established by Gilles Fauconnier and Mark Turner. The significance of this study lies in elucidating the core mechanisms underlying the composition, completion, and elaboration of conceptual structures, alongside the processes of compression and selective projection. This research aims to extend the application of the theory to Kurdish Sign Language, particularly within the communities of the deaf themselves, interpreters, and sign language specialists, who encounter numerous cases of miscommunication and interpretive challenges on a daily basis.
The research comprises two principal parts; the first is devoted to the theoretical framework of Conceptual Blending Theory, encompassing its core concepts and definitions, wherein six conceptual patterns are presented, with particular attention given to the mental spaces and the

cognitive operations occurring within them, as examined through the cognitive mechanisms functioning across those spaces. The problem with such studies is the lack of a scientific explanation for the role of conceptual mixing in the construction of abstract meaning and subtle emotions and the creation of new signs in sign language. This requires cognitive research that contributes to filling this gap, which is related to the mechanisms of meaning construction and the production of new words and concepts, although if there are only a theoretical perspective. Although this theory has received considerable attention in cognitive research, traditional linguistics based on perceived languages have been developed in linear and sequential structures and focus only on morphological, syntactic, and semantic features. They cannot adequately explain complex and simultaneous phenomena in sign language. When a signer combines several levels of information in a single sign by moving his hands, gesture space, and facial expressions, they fail to accurately describe this complex linguistic structure and analyze its semantic and syntactic structures. Moreover, the lack of a detailed linguistic description of blending mechanisms in sign languages limits our ability to understand linguistic production, lexical retrieval, and semantic development in this language, requiring the development of new analytical methodologies that take into account the visuomotor nature of these language systems .

الملخص

يعد البحث الموسوم بآليات دمج المفاهيم في لغة الإشارة الكردية" دراسة لغوية معرفية، تنهل من مبادئ نظرية دمج المفاهيم التي أرسى دعائمها جيل فوكونييه ومارك تيرنر. وتتجلى أهمية هذه الدراسة في استجلاء الآليات الجوهرية لتكوين البنى المفاهيمية وإكمالها وتوسيع نطاقها، فضلا عن آليتي الضغط والإسقاط الانتقائي . ويرمي هذا البحث إلى توسيع آفاق تطبيق النظرية على لغة الإشارة الكردية، لا سيما في أوساط الصم أنفسهم والمترجمين وخبراء لغة الإشارة، الذين يصطدمون في حياتهم اليومية بحالات عديدة من سوء الفهم والإشكاليات التواصلية.

ويشتمل البحث على جزأين رئيسيين؛ يعنى الأول بالإطار النظري لنظرية دمج المفاهيي وما تنطوي عليه من مفاهيم وتعريفات، إذ يستعرض ستة أنماط مفاهيمية، مع تسليط الضوء على الفضاءات الذهنية والعمليات المعرفية الجارية في أعماقها، وذلك من خلال الآليات المعرفية العاملة داخل تلك الفضاءات. يتألف البحث من جزأين رئيسيين ، يتناول الجزء الأول الإطار النظري لنظرية الدمج المفاهيمي وتعريف المفهوم ، حيث يعرض ستة أنواع من المفاهيم، مع الإشارة إلى الفجوات والعمليات المعرفية التي تحدث داخل هذه المساحات ، اما الجزء الثاني فهو

فصل تطبيقي يتناول الدمج المفاهيمي في لغة الاشارة من خلال العمليات المعرفية داخل الفضاءات الذهنية. تكمن مشكلة هذه الدراسات في غياب تفسير علمي لدور المزج المفاهيمي في بناء المعنى المجرد والمشاعر الدقيقة، وفي ابتكار إشارات جديدة في لغة الإشارة. وهذا يتطلب بحوثًا معرفية تُسهم في سدّ هذه الفجوة، المرتبطة بآليات بناء المعنى وإنتاج الكلمات والمفاهيم الجديدة، حتى وإن اقتصرت على منظور نظري. ورغم أن هذه النظرية حظيت باهتمام كبير في البحوث المعرفية، فإن اللسانيات التقليدية القائمة على اللغات المُدرَكة قد تطورت ضمن بنى خطية وتسلسلية، وتركز فقط على السمات الصرفية والنحوية والدلالية. وهي عاجزة عن تفسير الظواهر المعقدة والمتزامنة في لغة الإشارة تفسيرًا وافيًا. فعندما يجمع مُستخدم لغة الإشارة مستويات متعددة من المعلومات في إشارة واحدة بتحريك يديه، ومساحة الإيماءات، وتعبيرات الوجه، فإنها تعجز عن وصف هذه البنية اللغوية المعقدة بدقة، وتحليل بنيتها الدلالية والنحوية. علاوة على ذلك، فإن عدم وجود وصف لغوي مفصل لآليات المزج في لغات الإشارة يحد من قدرتنا على فهم الإنتاج اللغوي، واسترجاع المفردات، والتطور الدلالي في هذه اللغة، مما يتطلب تطوير منهجيات تحليلية جديدة تأخذ في الاعتبار الطبيعة البصرية الحركية لهذه الأنظمة اللغوية.

ميكانیزمەکانی تێکەڵکردنی چەمکی لەزمانی ئاماژەی کوردیدا

**سازان ڕەزا موعین**
بەشی کوردی, / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر,هەریمی کوردستان,عێراق
Sazan.moen@su.edu.krd

پوختە
تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی لەزمانەوانییدا،بەتایبەتی لەبواری زمانی ئاماژەدا گرنگییەکی زۆری هەیە بەشدارە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەی مەعریفی لە توێژینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا، زۆربەی تیۆرە زمانەوانییەکانی ئێستا لەسەر بنەمای شیکاری زمانە درکاوەکان پەرەیان پێدراوە، ئەمەش بۆتە هۆی پەراوێزخستنی ئەوتایبەتمەندییە پێکهاتەییە ناوازەییەی زمانی ئاماژە، ئەم تیۆرە بەرێگەی میکانیزمەکانی تێکەڵکردنی چەمکییەوە، چەمکە بنەڕەتییەکانی ،وەک یەکە فەرهەنگییەکان، پێکهاتە ڕستەسازییەکان و پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا دووبارە بەدیدگایەکی نوی هەڵدەسەنگێنێتەوە، ئەم تێگەیشتنە قووڵە لە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی واتا لە زمانە ئاماژەکاندا ،لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەسەر پەیوەندی نێوان تێگەیشتنی بینراو و بۆشاییی و پێکهاتەی زمانەوانی دەوڵەمەندتر دەکات، ئەمە جگە لەوەی ئاسۆیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان سیستەمی زمانەوانی و شێوازە هەستییە جیاوازەکان ،لەڕێگەی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

توێژینەوەی هاوشێوەوە پێگەی ئەکادیمی زمانی ئاماژە بەرز دەبێتەوە بە جەختکردنە سەر پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە وەک سیستەمێکی زمانەوانی سەربەخۆ کە بەهای زانستی یەکسانە بە زمانە درکاوەکان.

وشە سەرەکییەکان: تێکەڵکردنی چەمکی ،چەمک ،بۆشایی ئاوەزی ،زمانی ئاماژە.

- پێشەکی

١- پێشەکی

### ١- گرنگی توێژینەوەکە:-

تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی لەزمانەوانییدا،بەتایبەتی لەبواری زمانی ئاماژەدا گرنگییەکی زۆری هەیە بەشداره لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەی مەعریفی لە توێژینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا، زۆربەی تیۆرە زمانەوانییەکانی ئێستا لەسەر بنەمای شیکاری زمانە درکاوەکان پەرەیان پێدراوە، ئەمەش بۆتە هۆی پەراوێزخستنی ئەوتایبەتمەندییە پێکهاتەییە ناوازەییەی زمانی ئاماژە، ئەم تیۆرە بەرێگەی میکانیزمەکانی تێکەڵکردنی چەمکییەوە، چەمکە بنەڕەتییەکانی ،وەک یەکە فەرهەنگییەکان، پێکهاتە ڕستەسازییەکان و پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا دووبارە بەدیدگایەکی نوی هەڵدەسەنگێنێتەوە، ئەم تێگەیشتنە قووڵە لە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی واتا لە زمانە ئاماژەکاندا ،لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەسەر پەیوەندی نێوان تێگەیشتنی بینراو و بۆشایی و پێکهاتەی زمانەوانی دەوڵەمەندتر دەکات، ئەمە جگە لەوەی ئاسۆیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان سیستەمی زمانەوانی و شێوازە هەستییە جیاوازەکان ،لەرێگەی توێژینەوەی هاوشێوەوە پێگەی ئەکادیمی زمانی ئاماژە بەرز دەبێتەوە بە جەختکردنە سەر پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە وەک سیستەمێکی زمانەوانی سەربەخۆ کە بەهای زانستی یەکسانە بە زمانە درکاوەکان.

**٢- ڕێبازی توێژینەوەکە:-** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی -شیکاری پەیڕەوکراوە.

**٣-سنووری توێژینەوەکە:-** ئەم توێژینەوەیە سنوردارکراوە بەشرۆڤەکردنی تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی لە زمانی ئاماژەی کوردیدا.

### ٤- سامپڵی توێژینەوەکە:-

چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی جیاوازی پەیمانگای نابیستان و،چەند وەرگێڕوهاوەڵی مامۆستایانی نابیستانی سەرووتەمەن هەژدەساڵ .

### ٥-کێشەی توێژینەوەکە :-

کێشەی ئەم جۆرە توێژینەوانە ،خۆی لە نەبوونی ڕوونکردنەوەیەکی زانستیدا دەبینێتەوە کە ڕۆڵی تێکەڵکردنی چەمکی لە بنیاتنانی واتا ئەبستراکت و هەستە وردەکان و درووستکردنی ئاماژەی نویێ لە زمانی ئاماژەدا ڕوون بکاتەوە. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفی هەیە کە بەشداربێت لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە ،کە پەیوەستە بە میکانیزمەکانی بنیاتنانی واتاو بەرهەمهێنانی وشەو چەمکی نوێوە ،خۆئەگەر هەشبن تەنها ڕوانگەیەکی تیۆرییە. هەرچەندە ئەم تیۆرە لە توێژینەوە مەعریفیەکاندا گرنگییەکی بەرچاوی پێدراوە، زمانەوانییە نەریتییەکان کە لەسەر بنەمای زمانە درکاوەکان دامەزراون بە پێکهاتەی هێڵی و یەک لە دوای یەکەوە پەرەیان پێدراوە وتەنها سەرنجیان لەسەر تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و ،واتاسازییەکانە ، بەکارهێنانی بۆ پێکهاتەی زمانەوانی زمانی ئاماژە بە سنووورداری ماوەتەوەو چوارچێوەیەکی شیکاری گشتگیری نییە کە سەربەخۆبێت لە لێکدانەوە مەعریفیەکاندا ، ناتوانن

بە شێوەیەکی گونجاو دیاردە ئاڵۆز و هاوکاتەکان لە زمانی ئاماژەدا ڕوون بکەنەوە کاتێک ئاماژەدرێک چەندین ئاستی زانیاری لە یەک ئاماژەدا تێکەڵ دەکات بەچوڵاندنی دەستەکان و بۆشاییی ئاماژە و گوزارشتی روخسار ، لە وەسفکردنی وردی ئەم پێکهاتە زمانەوانییە ئاڵۆزە و شیکردنەوەی پێکهاتە واتایی ورستەسازییەکانی شکست دەهێنن. جگە لەوەش، نەبوونی وەسفێکی وردی زمانەوانی بۆ میکانیزمەکانی تێکەڵکردن لە زمانە ئاماژەکاندا، توانای ئێمە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی زمانەوانی، وەرگرتنی وشەیی و گەشەسەندنی واتا لەم زمانەدا سنووردار دەکات، ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی میتۆدۆلۆژیای شیکاری نوێ هەیە کە سروشتی بینراو-جووڵەیی ئەم سیستەمە زمانیانە لەبەرچاو بگرێت .

**٦- پرسیاری توێژینەوەکە:-**

١- چۆن میکانیزمەکانی تێکەڵکردنی چەمکی بەشدارن لە درووستکردنی واتا لە زمانی ئاماژەدا؟

٢- بۆشاییی بینراو-شوێنی چ ڕۆڵێک دەگێڕێن لە دارشتنی پێکهاتەی تێکەڵکراوی زمانی ئاماژەدا؟

٣-ئەو تایبەتمەندییە واتاییانە چین کە تێکەڵکردنی چەمکی لە زمانی ئاماژە جیادەکاتەوە لە زمانەدرکاوەکاوەکان ؟

**٧- ئامانجی توێژینەوەکە:-**

١-ئاشکراکردنی میکانیزمەکانی تێکەڵکردنی چەمکی لە زمانی ئاماژەی کوردیدا بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەوچەمکە ئەبستراکت و زانستییانەی لە زمانی ئاماژەدا فۆرمێکی فیزیکیان نییە ،بە مەبەستی پێشکەشکردنی میتۆدۆلۆژیایەکی پراکتیکی و سیستەماتیکی بۆ گەشەپێدانی ئاماژەی نوێ کە مامۆستایانی زمانی ئاماژە و وەرگێڕ و پەرەپێدەرانی پرۆگرام بۆ ئاسانکاری زمانی ئاماژە بەکاریبهێنن.

٢ -شیکردنەوەی جۆری ئەوئاماژانەی لە ئێستادا بۆ گوزارشتکردنی زاراوەی مۆدێرن و هەست و سۆزە ئاڵۆزەکان بەکاردەهێنرێن ودەستنیشانکردنی ئەو بۆشاییە واتاییانەی کە لە ئەنجامی نەبوونی ئاماژە ستاندارد ولەسەر رێککەوتووەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

٣ .لێکۆڵینەوە لەسەرئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە نەبوونی زاراوەو وشە ئاماژەییەکان لەسەر وەرگێڕان و تێگەیشتن لە دەقە پەروەردەییەکاندا بۆ تاکەنابیستەکان دروستی دەکەن.

٤- فراوانکردنی جوارچێوەی جێبەجێکردنی تێکەڵکردنی چەمکییە بۆ زمانی ئاماژەی کوردی لەلایەن نابیستان خۆیان و،وەرگێڕەکان وپسپۆڕانی بواری زمانی ئاماژەوە ،کەڕۆژانە ڕووبەرووی چەندین دۆخی تێنەگەیشتن لەیەکتر دەبنەوە .

٥- پشتگیری وپاڵپشتی لە وهەوڵانەی مامۆستاو وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژەی کوردی دەکات بۆ ستانداردکردن وگشتگیرکردنی زاراوە ئاماژەییەکان وبەکارخستنیان لەژینگەی فێرکردن وبڵاوکردنەوەیان لەناو فێرخوازانی نابیستدا .

٦-بەشداریکردنە لە پڕکردنەوەی بۆشایی وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەی کوردیدا ،لە هەمان کاتدا چۆنێتی خوێندنی باڵا لە بوارە زانستییەکاندا دەپارێزێت، گەرلەداهاتوودا ئەم قوتابیانە پەیوەندی بەزانکۆوە بکەن .

## بەشی یەکەم

### ١- دەروازە

زمان مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە و ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بیرکردنەوە و پەروەردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە فۆرمە درکاوەکان تێدەپەڕێت وزمانی ئاماژەش دەگرێتەوە، کە نوێنەرایەتی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

سیستەمێکی زمانەوانی تەواو و سەربەخۆ دەکەن بۆ کۆمەڵگای نابیستنان. زمانی ئاماژە زمانێکی سروشتییە لەسەر بنەمای یاسا رێزمانی و واتاییە ئاڵۆزەکان دامەزراوە ، پشت بە کەناڵی بینین و-جووڵەیی دەبەستێت نەک ،کەناڵی بیستراو-دەنگی (Sandler and Lilo-Martin, 2006,121). سەرەڕای زیاد بوونی ناساندن ودانپێدانان بە زمانی ئاماژە داوهاوتابوونی لەگەڵ زمانە درکاوەکاندا، کەچی ڕووبەڕووی ئاستەنگی فەرهەنگی و وەرگێڕان وگوزارشتکردن دەبێتەوە بەتایبەتی ئەوئاماژانەی پەیوەستن بە چەمکە زانستییە ئەبستراکتەکان و هەستە دەروونی و ناوەکییە ئاڵۆزەکانەوە .

زمان دیاردەیەکی مەعریفی ئاڵۆزە ئەرکی تەنها گەیاندنی واتا ئامادەکراوەکان نییە ، بەڵکو لە بنیاتنانەوە و داڕشتنەوەی واتا نوێیەکان بەپێی ئەزموونی مرۆڤ و زەمینەی مەعریفی و کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا بەشدارە . لەم ڕووەوە زمانی ئاماژە لەگەڵ زمانە درکاوەکاندا جیاوازی نییە ،بەو پێیەی سیستەمێکی زمانەوانی تەواوە و ،توانای گوزارشتکردنی هەردوو چەمکی هەستی و ئەبستراکتیی هەیە ، بەڵام سروشتی بینراو-جووڵەیی ئەم زمانە تایبەتمەندییەکی جیاوازی پێدەبەخشێت لە میکانیزمەکانی نوێنەرایەتیکردن ودروستکردنی واتادا ، ئەم تایبەتمەندییە بە ڕوونی لە کاتی هەوڵدان بۆ نوێنەرایەتیکردنی واتا ئەبستراکتەکان و هەستە وردەکاندا دەردەکەوێت ، کە پشت بەبنەمای فیزیکی ڕاستەوخۆ نابەستن و زۆرجار زاراوە ئاماژەی ستاندارد و جێگیریان لەناو فەرهەنگی زمانی ئاماژەدا نییە.

پێویستیی گوزارشتکردنی هەستی ورد، باری دەروونی، یان چەمکە ئاوەزییە ئەبستراکتەکان بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژە ناچار دەکات ،بەدوای میکانیزمە مەعریفیەکاندا بگەڕێن تا بتوانن سنوورداربوونی هێماکانی ئێستایان تێپەڕێنن ،لە ئەنجامدا ئاماژە نوێیەکان ،یان دووبارە بەکارخستنەوەی ئاماژە ئاشناکان لەناو کۆنتێکستە واتاییە داهێنەرەکاندا سەرهەڵدەداتەوە .لێرەدا تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی وەک چوارچێوەیەکی ڕوونکردنەوەیی سەرهەڵدەدات کە توانای ڕوونکردنەوەی ئەوەی هەیە کە چۆن ئاوەزی مرۆڤ ئەزموونە هەستییەکان، بینراوەکان و جوڵەییەکان ، تێکەڵ بەچەمکە ئاوەزییە ئەبستراکتەکان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ لە پێکهاتەیەکی ئاماژەیی داهێنراوی بەرجەستە بوودا.

تێکەڵکردنی چەمکی لەسەر ئەوبنەمایە بنیاتنراوە ،کەواتاکان ڕاستەوخۆ لە یەکە زمانەوانییەکانەوە وەرنەگیراون، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکی فرە بۆشاییی ئاوەزییەوە بنیات دەنرێن کە ڕەگەزەکانیان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو پرۆسێس دەکرێن بۆ ناو بۆشاییی تێکەڵکردن، لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی واتایی نوێ دروست دەبێت .لە چوارچێوەی زمانی ئاماژەدا ئەم پرۆسەیە بایەخێکی زیاتری هەیە ، چونکە ڕەهەندە مەعریفیەکان لەگەڵ ڕەهەندە بینراوە-جووڵەییەکاندا تێکەڵ دەکرێن، جووڵە، شوێن، شێوەی دەست و گوزارشتی ڕوخسار ،دەبنە ئامرازێکی چالاک لە بەرجەستەکردنی واتای ئەبستراکت و هەستییدا ،ئەرکی زمانی ئاماژە لێرەدا نوێنەرایەتیکردنێکی هەرەمەکی نییە، بەرهەمی پرۆسەیەکی مەعریفی داهێنەرانەیە ،ڕەنگدانەوەی توانای قسەپێکەری زمانی ئاماژەیە بۆ بنیاتنانی واتا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی چەمکی بەرجەستە و ئاوەزییەوە . (Thorvaldsdottir 2008 ,66).

### ١-١ -تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی Conceptual Blending Theory

یەکێکە لە تیۆرە مەعریفییە گرنگەکان بۆشرۆڤەکردنی چۆنێتی بنیاتی واتا نوێ وداهێنراوەکان لە زمان وبیری مرۆڤدا ،لەلایەن جیل فۆکۆنیر Gilles Fauconnier و مارک تێرنەرەوە Mark



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

Turner) لە نەوەدەکانی سەدی بیستەمدا پەرەی پێدراوە ،درێژکراوە و پراکتیزەکردنی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانە (Mental Spaces Theory) کە فۆکۆنێر بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێکهاتە مەعریفییە کاتیانەی کە ئاوەز لە کاتی بیرکردنەوە و پەیوەندیکردندا دروستیان دەکات(40، Fauconnier ,1997 ) لە کاتێکدا تیۆری بۆشایی ئاوەزی نوێنەرایەتی پاشخانی مەعریفی گشتی دەکات بۆڕێکخستنی ئەزموون وزانین، تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی ئەو میکانیزمانە ڕوون دەکاتەوە کە ئاوەزی مرۆڤ لەکاتی تێکەڵکردنی چەند بۆشاییەکی ئاوەزیی هەمەجۆردا بۆ پێکهێنانی بنیاتی ئاوەزی نوێ چۆن کاردەکات ،بۆخۆشی بووە بە بنەمای چەند تیۆرێکی تری ناوڕێبازی کارکردنی سیمانتیکی مەعریفی بۆ نموونە میتافۆری چەمکی و،میتۆنیمی چەمکی وتیۆری تێکەڵکردن (قادر ،غەریب ٢٠١٩:٤١٢،٤١٣)، ئە م تیۆرە بڕوای وایە کە واتا تەنها بە هۆی زمانەوە پێک ناهێنرێت وتایبەت وتەرخانیش نییە بە داڕشتەی ڕستەکانەوە ،لەبری ئەمە داڕشتەیەکی بە چەمککردنە.(غەریب،٢٠٢٤،٤١)،فۆکۆنیر، واگریمانە دەکات کە واتا لە تێکەڵکردنی دوو پێکهاتەی ئاوەزیی جیاواز یان زیاترەوە سەرهەڵدەدات کە بە بۆشایی هاتنەژوورەوە( Input Spaces) ناسراون و ،پێکهاتوون لە چەمک، ڕەگەز، یان پەیوەندی تایبەت ، لە ئەزموونە جیاوازەکانەوە وەرگیراون و پاشان بەشێک لەم پێکهاتانە دەخرێنە ناو چوارچێوەیەکی پێکهاتەییەوە وپرۆسێس دەکرێن کە پێی دەگوترێت بۆشایی تێکەڵکردن ( Blended Space ) ، لەم بۆشاییەدا ڕەگەزەکان بە شێوەیەک کارلێک دەکەن ،دەبنە هۆی سەرهەڵدانی واتای نوێ ، پێیان دەگوترێت واتا سەرهەڵدراوەکان ئەم واتایانەش ناتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی بۆشایی هاتنەژوورەوە ڕەسەنەکانەوە دەستمان پێی بگات . (الزناد، ٢٠١٥،٣٥)، پێکهاتەی مەعریفی هاوبەش، یان ئەوەی بە بۆشایی گشتی ناسراوە، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕێنماییکردنی پرۆسەی تێکەڵکردن بە دابینکردنی ڕەگەزە هاوبەشەکان کە یارمەتیدەرن بۆگونجاندنی زانیارییە جیاوازەکان و ئاسانکاری گواستنەوەیان بۆ ناو بۆشایی تێکەڵکردن بەرێگەی چەند میکانیزمێکی زمانی ،(پێکهاتن وتەواکردن وتەواکردنی شێوەکان ،فراوانکردن،سەپاندنی هەڵبژێردراو،پاڵەپەستۆ) ئەنجام دەدرێت.ئەم پرۆسانە ڕەنگدانەوەی سروشتی ناهێڵی بیرکردنەوەی مرۆڤە ،بەوپێیەی ئاوەز دەتوانێت لە یەک کاتدا چەندین پارچە زانیاری پرۆسێس بکات و بە شێوەیەکی کارلێککارانە تێکەڵیان بکات بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لەواتادا. ئەمەش لەکاتی تێگەیشتن لە دەقی گێڕانەوەیدا دیارە، کاتێک خوێنەر ڕیزبەندی ڕووداوەکان بە ئەزموونەکانی پێشوو و کۆنتێکستی کولتوورییەوە دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی واتایی تێکەڵکردن بەرهەم بهێنێ ،ئاوەزکارلێککارانەیە واتاکان بە دابڕاں لە ئەزموون، ژینگە، یان کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی بەرهەم ناهێنێ ،.بۆیە لە کاتی بەکارهێنانی تێکەڵکردندا، ئاوەز بە بەستنەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان، دەتوانێت واتای نوێ دروست بکات ،نەک تەنها پشت بەو شتانە ببەستێت کە لە بۆشایی هاتوودا ئامادەن .لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا ئاوەز توانای وەرگرتنی چەمکە جیاوازەکانی لە چەندین بۆشایی ئاوەزیدا هەیە و تێکەڵکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە زنجیرەیەکی توند و هێڵکاری هەبێت ،ئاوەز هاوتەریب و ئاڵۆزە، هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام نابێت وەکو هەنگاوەکانی شیکارکردنی بیرکاری وکۆمپیوتەر.

ئەم تیۆرە چوارچێوەیەکی تێکەڵکردن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گۆڕینی زانیاری پێشوەختە ، ئەزموون و زەمینە کۆمەڵایەتی یەکان دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەی واتایی نوێ ، ئەمەش وادەکات ، کە ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ تێگەیشتن لە داهێنانی مەعریفی و توانای مرۆڤ بۆ درووستکردنی

واتای نوێ و دروستکردنی هێما یان ئاماژە بۆ دەربڕینی چەمکە ئەبستراکتەکان . لێرەوە دەتوانین بڵێین کەتێکەڵکردنی چەمکی ئەو پرۆسەیەیە ، کە ئاوەز ڕەگەز و پەیوەندییەکان لە چەندین بۆشاییی هاتنەژوورەوە وە ،بۆ ناو بۆشایی تێکەڵکردنی نوێ تێکەڵ دەکات، لە ئەنجامدا واتایەک سەرهەڵدەدات ،کە بەتەواوی ناتوانرێت لەڕێگەی بۆشاییی هاتنە ژوورەوە ڕەسەنەکان ڕوون بکرێتەوە ،ئەمەش وای لێدەکات ، لە شیکاری زمانە بینراو و-جووڵاوەکانی ،وەک زمانی ئاماژەدا پشتی پێ ببەسترێت.

جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە بۆ زمانی ئاماژەی کوردی ،وەک سیستەمێکی زمانەوانی بینراو-جووڵەیی کەپشت بە جەستە و بۆشایی دەبەستێت لە بنیاتنانی واتادا گرنگە ،ئەم زمانە تەنها پشت بەئاماژەکانی ناوفەرهەنگ وئاماژە ئامادەکراوەکان نابەستێت ،بەڵکو لەسەر بنەمای پرۆسەی مەعریفی ئاڵۆزە ،ئەزموونە هەستییەکان، لەگەڵ پێکهاتە چەمکی و کۆنتێکستە کەلتوورییەکاندا کارلێکدەکەن ، بەتایبەت لە نوێنەرایەتیکردنی چەمکە ئەبستراکت و مۆدێرنەکاندا ،کە زۆربەی کات هاوواتای ئاماژەیی جێگیریان ، لەزمانی ئاماژەدا نییە . ئەم تیۆرە بەشدارە لە ڕوونکردنەوەی دروستکردنی ئاماژە نوێیەکان لە ڕێگەی یەکخستنی چەندین بۆشاییی هاتنەژوورەوە لەناو پێکهاتەیەکی واتایی تێکەڵاودا کە واتا سەرهەڵدراوەکان بەرهەم دەهێنێت. بەم شێوەیە چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی میکانیزمەکانی بنیاتنانی واتا لە زمانە بینراو-جووڵاوەکاندا دابین دەکات و دیدگای ئەم زمانە وەک سیستەمێکی زمانەوانی تەواو کە توانای دەربڕینی چەمکە ئەبستراکتەکانی مرۆڤی هەیە دەردەخات ، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە زمانی ئاماژە هاوشێوەی زمانە درکاوەکانە ، پشت بە میکانیزمە ئاوەزییە گشتییەکان دەبەستێت بۆ بیرکردنەوە و پۆلێنکردن و داهێنانی واتایی ، بەمەش پێگەی خۆی وەک زمانێکی تەواو بەهێزتر دەکات کە توانای گوزارشتی وردترین چەمکەکانی مرۆڤایەتی هەبێت .

### ١-١-١ چەمک:

یەکەیەکی واتاسازیی ئاوەزییە پێش گوزارشتکردنی زمانەوانی دەکەوێت و ناوەندگیری بیرکردنەوە و زمان دەکات و، نوێنەرایەتی ئەو واتا ئەبستراکتانە دەکات کە هێما زمانییەکان لەناو سیستەمی زمانەوانیدا کۆدیان دەکەن ولەناو کۆنتێکستدا بەدییان دێنن. (Saussure,1916,143-176). چە مک ئە و بوونە وە رانە یە کە لە میشکی مرۆڤدا هە ن یە کە ی تایبە تن و دە توانن بە هۆی (زمان کردە ی جە ستە یی وێنە و هوکاری ترە وە بگە یە نرێت ،(حسە ین ، ٢٠١٢: ١٤٥) یە کە کانی ناو مێشکی مرۆڤیش تاکە کە سین و پە یوە ستن بە بیر و هۆش و ئە زموون و درکپێکردن و سە لیقە ی کە سە کە وە تاکە کە س بە هوی توانستە گشتییە کە یە وە کە بۆزمان هە یە تی، سە رپشکە لە چۆنیە تی بە جفرە کردن و بە کۆدکردنی ئە و یە کانە لە بە رئە وە ی چە مک سە رجە می ئە و زانینانە یە کە پە یوە ستە بە وشە یە کە وە و لە مێشکدا هە ڵگیراوە ،(محمد ،کەریم ئەحمەد ٢٠٢٢،١٤،،).

سۆسێر دەڵێ چەمکەکە خودی وشەکە نییە، نە دەنگە درکاوەکە یە و ،نە فۆرمە نووسراوەکە، بەڵکو ئەو واتا ئاوەزییەیە، کەهێما زمانییەکە لە ئاوەزی قسەکەر و گوێگردا هەڵیدەگرێت. زمان لای ئەو سیستەمێکی هێماییە و هەر هێمایەک لە دوو ڕەگەزی بەیەکەوە گرێدراو پێکدێت: هێما (وێنەی دەنگی یان فۆڕمی زمانەوانی) و هێمابۆکراو (چەمک). (1916,143-176, )

Course in General Linguistics،چەمک، لەم ڕوانگەیەوە، بوونێکی ئاوەزی ئەبستراکتە، لە ئاوەزدا بوونی هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جیهانی دەرەکییەوە نییە ، جەخت لەوە

دەکاتەوە کە چەمکەکان بەهای خۆیان لە هاوتابوونیان لەگەڵ شتەکاندا وەرناگرن، بەڵکو لە پەیوەندییەکەیان بە چەمکەکانی دیکەی ناو سیستەمی زمانەوانییەوە وەردەگرن. واتای هەر چەمکێک بە جیاوازی لەئەرک و بوارو بنیاتی زمانیدا لەگەڵ چەمکەکانی دیکەدا دیاری دەکرێت، نەک بە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ کەتوار. چەمکەکە بە پلەی یەکەم سیستماتیکیە، لە چوارچێوەی پێکهاتەی زماندا پێناسە دەکرێت، نەک لە دەرەوەی. دەڵێت چەمکەکان بەهای خۆیان لە هاوتابوونیان لەگەڵ شتەکاندا وەرناگرن، بەڵکو لە پەیوەندییەکەیانەوە بە چەمکەکانی دیکەی ناو سیستەمی زمانەوانییەوە وەردەگرن ،بە واتایەکی تر واتای هەر چەمکێک بە جیاوازی و دژایەتییەکەی لەگەڵ چەمکەکانی دیکەدا دیاری دەکرێت، ئاماژە بەوە ش دەکات کە پەیوەندی نێوان چەمک (هێما) و فۆرمی زمانەوانی (هێمابۆکراو) ئارەزوومە ندانەیە ،واتە هیچ پەیوەندییەکی سروشتی و پێویست لە نێوانیاندا نییە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی زمانەکان فۆرمی زمانەوانی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ ناونانی هەمان چەمکەکان.

ئەم بۆچوونە سۆسۆرییە بۆ چەمک گرنگی خۆی هەیە لە لێکۆڵینەوەزمانییەکاندا گرنگی خۆی هەیە ، چونکە دابڕانی نێوان واتای ئاوەزی و ئاماژەی دەرەکی دامەزراند، دواتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی بنیاتگەری و ،پاشانیش قوتابخانەی مەعریفی ، کە پەرەی بەبیرۆکەی چەمک و پێکهاتە دا و بەستیانەوە بە بەکارهێنان و کۆنتێکستەوە.

هەرلەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی مەعریفی بەم شێوەیە پێناسەی چەمکیان کردووە "چەمک پێکهاتەیەکی مەعریفی ئاوەزییە لە ئەنجامی ئەزموونی هەستی-فیزیکی وبە کارلێککردن لەگەڵ ژینگە و کولتووردا لەفۆرمێکی زمانیدا سەرچاوە ی گرتووە. لە ناو تۆڕێکی پەیوەندی چەمکی و کۆنتێکستیدا بنیات دەنرێت، کە ڕەنگدانەوەی توانای ئاوەزی مرۆڤە بۆ گۆڕینی ئەزموون بۆ ڕێکخستنێکی ،مەعریفی وزمانیی کاریگەر (Lakoff & Johnson,1999,22,)..

**١-١-٢-جۆرەکانی چەمک لە ڕوانگەی قوتابخانەی مەعریفییەوە :-**

لە توێژینەوە مەعریفی و زمانەوانییەکاندا، چەمکەکان یەک جۆر نین، بەڵکو چەند جۆرێکن بەپێی ڕوانگە (لۆژیکی، مەعریفی، زمانەوانی، دەروونی) ییەکان پۆلێنکراون.ئەم پۆلێنانەش بنەمای چۆنێتی تێگەیشتنە بۆ نوێنەرایەتیکردنە واتاییەکان لە جێبەجێکردنە زمانییەکاندا وروونکردنەوەی ڕۆڵی تێکەڵکردنی چەمکی لە داهێنانی واتای نوێدا ،لێرەدا ئەوپۆلێنانە دەخەینەڕوو :-

**یەکەم: چەمکە هەستییەکان/Perceptual / Concept**

چەمک گەلێکن نوێنەرایەتی ئەو واتایانە دەکەن کە پەیوەستن بە تێگەیشتن لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ، شێوە و ڕەنگ و جوڵە و دەنگ ,Medin smith& 1981,321. ،بەئاسانی وەردەگیرێن و بە ڕوونی لە زمانی مندااڵن و زمانەئاماژەکاندا دیارە، بەو پێیەی پشت بە نوێنەرایەتی بینراو-جووڵەیی دەبەستێت لەگەڵ دوبارەکردنەوەی وێنە هەستییەکەو ئەزموونی درککردنەوە دار، دەست، دەرگا، دەنگ و گەرمی . بۆنموونە گەر چەمکی گەرمی وەبگرین ،ئەم چەمکە تەنها هەستکردن بەگەرمی ناگەیەنێت ،بەڵکو بیرۆکەی پوختەیەکی گشتییە لەهەستە جیاوازەکانمان .

**دووەم: چەمکە ئەبستراکتەکان Abstract Concept**

ئەم چەمکانە ڕاستەخۆ پەیوەست نین بە ئەزموونە هەستییەکانەوە ،بەڕێگەی تایبەتمەندییە ناهەستییەکانەوە بنیات دەنرێن (بیاجیە،٦٦،٢٠٢٥) لەگەڵ ئەزموونی کۆمەڵایەتی و کولتووری

و زمانەوانییەوە، بۆنموونە: ئازادی، دادپەروەری، کات، خۆشەویستی و بەرپرسیارێتی. زۆرجار تێگەیشتن لێیان لە ڕێگەی مێتافۆری چەمکی و تیۆری تێکەڵکردنی چەمکییەوە ڕوون دەکرێتەوە، کە ئەم چەمکانە بە چەمکە هەستییە جێگیرەکانەوە دەبەستێتەوە، بەم شێوەیە ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ئاماژەی نوێ لە زمان و زمانی ئاماژەدا دەدات .

**سێیەم: چەمکی پۆلێنبەندی باو Classical/Definitional Concept**

پۆلێنبەندی باولەسەر ئەو گریمانەیە بناتنراوە کە پۆلەکان بە تایبەتمەندی پێویست و ناچارییەوە پێناسە دەکرێن ،واتە هەموو ڕەگەزێک یان سەر بە پۆلێکە یان سەر بە پۆلێک نییە ، واتە وشەکانی زمان بەتایبەت پۆلی ناوەکان ،بەهۆی لیستێک لەمەرجی ناچارییەوە دەبنە ئەندامی پۆلێک ،(عومەر ،محەمەد ،٢٠٢٣،٣٤٧) ئەم چەمکە لە ڕووی توندی لۆژیکی و تێکەڵکردنیی فۆرماڵییەوە بەهێزە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە شێوەیەکی نەریتی لە فەلسەفە و لۆژیک و زانستە فەرمییەکانی ئەرستۆدا بەکاردەهێنرا، ئەم پۆلێنبەندییە بۆ سیستەمی زاراوە داخراوەکان و پێناسە تەکنیکییە وردەکان گونجاوە ، بۆ نموونە "سێگۆشە" سێ لا و سێ گۆشەی هەیە- ئەمە پێناسەیەکی ڕوون و یەکلاکەرەوەیە.

**چوارەم: چەمکی نمونەیی Prototype Concept**

ئەم تیۆرە ،لە چوارچیوە ی بە چە مککردنی و شەدا و بە تایبە تی بۆ پولینکردنی چە مکە کان بە کاردە هێنرێت سە رە تا لە لایە ن روش هاوکارانییە وە بپیشنیازکرا( Evans, & : 3،2006 Green)، پێشنیاری ئەوە دەکات کە چەمکەکان لە دەوری "مۆدێلێکی نموونەیی" ڕێکخراون و ئەندامەکانی لە پلەی سەر بە پۆلەکەدا جیاوازن ،هەندێک لە نموونەکان"باشتر"ن لە هەندێکی تر، بۆ نموونە مانگا نمونەیەکی باشترە لە شەمشەمە کوێرە ونەهەنگ لە نموونەی شیردەرەکاندا ،هەرچەندە هەردووپێکهاتە شیردەرن .ئەم تیۆرە لەچوارچێوەی بەچەمککردنی وشەدا بەتایبەت بۆ پۆلێنکردنی چەمکەکان بەکاردەهێنرێت ،پرۆتۆتایپ نواندنی چەمکی ئاوەزی وتاڕادەیەک ئەبستراکتە ،ئەوتایبەتمەندیانە لەخۆدەگرێت کەبەشێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی وشەیەک دەکەن ،(تریفە،ڕۆستەم .٢٠٢٣ز.٣.خ.١٠) ،یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی ئەم تیۆرە وجیاوازی لە تییۆری چەمک کلاسیکی ئەوەیە کە دان بەپلەبەندی ونەرمی لەپۆلێنکردندا دەنێت سنوری توندو یاسای دیاریکراوی نییە وەکو چەمکە کلاسیکییەکان .

**پێنجەم: چەمکی پەیوەندی Relational Concept**

چەمکێکە تەنها لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز یان زیاترەوە تێدەگەین، نەک لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکی جێگیرەوە، بۆنموونە: پێش/دوا، گەورەتر/بچووکتر، هۆکار/کاریگەری، باوک/کوڕ.ئەم جۆرە پشت بە پێکهاتە ی مەعریفی و کۆنتێکست دەبەستێت و بەشێوەیەکی بەرچاولە شرۆڤەکردنی واتاکاندا دەردەکەو. (Smith& Med ,1981,231) لەزمانی ئاماژەدا زۆرێک لەئاماژەکان گوزارشت لە پەیوەندییەکان دەکەن بەتایبەتی پەیوەندی (شوێنی وکاتی) لە ڕێگەی بۆشایی ئاماژەیی و جوڵە ی دەستەوە تێکەڵکردنی چەمکیش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دروستکردنی ئاماژەی نوێ بە م پەویوندییە ،نەک تەنها نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکان بێت بەشێوەیەکی دابڕاو لەیەکتر .

**شەشەم: چەمکی ڕێکارەکان Procedural Concept**

ئەم چەمکە پەیوەندی بە زانینی چۆنیەتی ئەنجامدانی کردارێک یان زنجیرەیەک کردارەوە هەیە، واتە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کارێک نەک سیفەتی کارەکە وپەیوەندییەکانی ،نموونە: نووسین، مەلەکـردن، نـوێژکردن،بە ،بە دابڕانیـان لە لەوچوارچیـوەیە ،یـان چـالاکییە پـراکتیکییەکە ، تێگەیشـتن لیێ سـەخت دەبێـت لەزمانی ئاماژەدا یەکێکە لەچەمکە بنەڕەتییەکان ،خـودی ئاماژەکە دەبێتە بەشیک یان هەموو واتای ئاماژەکە هەمان سەرچاوە .

**حەوتەم: چەمکی کولتووری-کۆمەڵایەتی Cultural Concept**

ئەم چەمکە لە لایەن کولتوور و پێوانە ی کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب دراوە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە ،(Tylor,1971, 211 ). بۆنموونە ،شەرەف، شەرم، میوانداری و ناسـنامە ،گوزارشـت لە پێوانەو،رەفتـارە قبوڵکراوەکـان دەکەن لەکۆنتێکسـتیکی کەلتـووری دیاریکراودا ،لە شرۆڤەکردنی زمانی ئاماژەدا بۆتێگەیشتن لەوەی کەچۆن بەها وکۆمەڵایەتییەکان نوێنەرایەتی دەکرێن، پشتی پێدەبەسترێت .

**هەشتەم: چەمکی زمانەوانی بەرامبەر بە چەمکی مەعریفی**

چەمکی مەعـریفی نـوێنەرایەتی واتاکان دەکەن لەچوارچێوەی جیاوازدا لەوانەش ،پـۆلێنکردنی گیانـدارو ،ڕوداو ،پەیوەنـدییەکان ،تایبەتمەنـدی و،پەیـوە نـدییەکانیان دەگـرێتەوە (smith,1981,240)لە کاتێکـدا چەمـکی زمـانەوانی :- ئەو چەمکـانەن نـوێنەرایەتی شـێوازی گەیاندنی واتاکان دەکەن لەڕێگەی زمانەوە پەیوەستن بە وشەو وگوزارشتکردنیان بە شێوەیەکی زارەکی لەزمـانە درکاوەکانـدا ،یـان گوزارشـتکردنی هێمـایی چەمـکەکە لەزمـانە ئاماژەکانـدا ،ئەم جیاکارییە ڕێگەمـان پێـدەدات لەوە گەرتێبگەین کە تێکەڵکـردنی چەمـکی مەودای واتـا فـراوانتر دەکات، بەو پێیەی دەتوانرێـت ئاماژەی نـوێ یان چەمکی پێکهاتەیی دروست بکرێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە بوونی وشەیەکی فەرهەنگی دیاریکراو هەبێت ،واتە کە دووچەمک لە ئاوەزدا تێکەڵدەکرێت واتایەکی نـوێ وفـراوانتر لەواتـای هەردووچەمکەکە بەرهەمـدەهێنرێت ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی دینامیکی مەعریفەو و زمانە. بۆ نموونە /

ژیان گەشتێکە ژیان =کات ،گەشت = شوێن کات +شوێن =واتایەکی نوێ .

**١-٢بۆشاییە ئاوەزییەکان وپرۆسەکانی تێکەڵکردنی چەمکی :-**

فەزا چەمکێکی ناوەندییە لەزمانەوانی مەعریفیدا بەهۆی کاریگەرییە گەورەکانی لەسـەر بنیاتنانی واتاو بیرکردنەوە ونوێنەرایەتیکردنی جیهانی دەروبەرمان بەهاوئاهەنگی لەگەڵ کاریگەری جەستە لەسـەرپەیپێبردن وبیرکردنەوە درکپێکراوەکان .(محمـد ،احمـد، محمـد ٢٠٢٣،٧٤) فۆکۆنیەر و تـۆرنەر زاراوەی "بۆشـایی ئاوەزییـان لەبـری زاراوەی "چەمـک" یـان "چوارچێـوە" هەڵـبژارد، ڕەنگدانەوەی سروشتی دینامیکییەتی واتاکانە لەئاوەزی مرۆڤدا، داهێنان و تێگەیشتنی زمانەوانی کاتێـک ڕوودەدات کە ئـێمە "بۆشـایی ئـاوەزی "جیـاواز کـۆبکەینەوە بـۆ ئەوەی بۆشـایی نـوێ دروسـت بکەیـن کە تایبەتمەنـدییەکانی هەردوو سـەرچاوەکە لەخۆبگرێـت ،بەڵام پێکهـاتە و واتـایەکی نـوێی هەبێـت، چـونکە بۆشـاییە ئاوەزییەکـان و نەرم وکـاتین ، لە کـاتی بیرکـردنەوە وئاخاوتنـدا سـەرهەڵدەدەن و لەچوارچێوەی یەک پێکهاتەدا ڕێگە بە کۆکردنەوەو یەکخستنی ڕەگەزە هەسـتی و ئەبسـتراکت و پەیوەنـدییە فرەییەکان دەدەن، کە دەتوانرێـت کـۆبکرێنەوە و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

پاڵەپەستۆیان لەسەر بکرێت و بکرێنە نموونە ،هەروەها بەکارهێنانی وشەی "بۆشایی" ئاماژە بۆئەگەری گرێدان و کارلێککردن لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە واتاکان ڕاستەوخۆ لە زمانەوە دەرناهێنرێن بەڵکو لە ڕێگەی پرۆسە مەعریفیەکانەوە لە چوارچێوەیەکی ئاوەزیی نەرمدا بنیات دەنرێن(Fauconnier,1994,166 ،)

١- بۆشایی تێکردەی یەکەم Input Space 1
پێکدێت لە کۆمەڵێک بونێر وپەیوەندی واتا وەرگیراوەکانی بواری چەمکی یەکەم ،بەگشتی هزر پێیان ئاشنایە و لە کۆمەڵ وکەلتور وئەزموونی ڕۆژاندا بوونیان هەیە ،پێکدێن لەچەند ڕەگەزێکی دیاریکراو "کەس ،شت ،کردار ،ڕوداو " ، بۆ نموونە "گەرئەمرۆهەتاوبوایە ،دەچووم بۆباخچە " وێناکردنی ڕۆژێکی خۆش .(بوطیش،٢٠٢٢،-٢٢٠-٢١١)
ڕەگەزەکان کەشوهەوا "خۆر،باخچە ".
بارودۆخ،گریمانەییە ،بەڵام لەئاوەزدا دیاریکراوە وەکو بارودۆخی یەکەم.

٢-بۆشایی تێکردەی دووەم Input Space 2
بۆشاییەکی هزرییە لەکۆمەڵێک ڕەگەزی بوارێکی تری جەمکی پێکدێت کەجیاوازە لەبۆشایی یەکەم ،بەشدارە لە وەبەرهێنانی واتای نوێ .بەگشتی پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکانە "هۆکار، ئەنجام ،بکەر،لێکچوون ،جووڵە ،خاوەنێتی .(هەمان سەرچاوە).
کۆمەڵەی دووەمی زانیاری وبارودۆخ و ،ڕووداو،کاردانەوە ی تێدایە، بەگشتی سەربەخۆیە لە بۆشایی یەکەم بەهەمان شێوە هزر پێیان ئاشنایە وبوونیان هەیە وئەزموونی ڕۆژانەی تاکدا ،وەکو چالاکی چوون بۆپیاسە لەڕۆژی هەتاودا واتە کاردانەوەو ئامانج دانان بۆ ڕۆیشتن .
ڕەگەزەکانی "هەمان کەس ،باخچە کردار(ڕۆشتن)،ئامانج .
بارودۆخ:- نوێنەرایەتی کردنی ئارەزو،پلانی تاک .

٣-بۆشایی گشتی Generic Space
پێکهاتەی هەردوو تێکردەکانی تێدایە ، پێکدێت لە پەیوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو بۆشاییەکەی پێشتر ،هاوکارە لە دۆزینەوەی ئەوسیما هاوبەشانەی کە هاوکاری تێکەڵکردنە کە دەکەن Fauconnie,,16,1994 ،ئەرکی فەراهەمکردنی بنەمایەکی هاوبەشە بۆ بەستنەوە یان پێکەوە لە کردەی تێکەڵکردندا ،پێکدێت لە چوارچێوەیەکی گشتی یان پەیوەندییە بنەڕەتییەکان ،واتە گرنگی بە وردەکارییە زۆر بچووکەکان نادات .
بۆشایی گشتی لەونموونەیەدا :-پەیوەندی لەنێوان هۆو ئەنجام ،مەرج وئەنجامدایە .

٤-بۆشایی تێکەڵکردن Blended Space
بۆشاییەکی نوێیە لەئەنجامی تێکەڵکردنەکەوە دێتە ئاراوە ودەرئەنجامی کۆتایی پرۆسەی تێکەڵکردنەکەیە ورەگەزەکانی تێکردەکان بەشێوەیەکی نوێ کۆدەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دووتێکردەکەی تردا بەدیناکرێن( Fauconnier, Turner, 2002, 40،لێرەدا داهێنانی زمانی دەردەکەوێت ،میتافۆر، پلان ،تێگەیشتنی گریمانەیی .
ئەنجامی تێکەڵکردنەکە بۆنموونەکەی پێشتر :-وێنای تاک بۆڕۆشتنی خۆی بۆباخچەیەک

گەرمەرجەکەی بەدیبهاتایە .

ڕەگەزەکانی :-کەس ،ڕوداو، مەرج،پەیوەندی لەنێوان مەرج وکردار

ئەنجامی تێکەڵکردن :-واتایەکی نوێ کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەبۆشایی یەکەم ودووەمدا نییە .

ئەم تێکەڵکردنی چەمکیە بەڕێگەی چەند میکانیزمێکی مەعریفی دیاریکراو کاردەکەن ،تێکردەکان دەگۆڕن بۆ بنیاتی خاوەن واتای نوێ ،گرنگترین ئەومیکانیزمانە ،لێرەدا بە نموونەوە دەخەینە ڕوو :-

**١- پێکهاتە،داڕشتن Composition**

یەکەم پرۆسەی تێکەڵکردنە ،چونکە هیچ واتایەک نیە پێش کۆکردنەوەی ڕەگەزەکان ،ڕەگەز وپێکهاتەکانی بۆشاییە ئاوەزییە جیاوازەکان کۆدەکرێنەوەو تێکەڵ دەکرێن بۆدروستکردنی پەیوەندی و پێکهاتەو،واتای نوێ لە بۆشاییی تێکەڵکردندا کە لەهیچ کام لەبۆشاییەکانی تردا بوونی نەبووە (Fauconnier, Turner,2002,40-57).

.بۆنموونە "ئەڵێی لەمێشکیا هەڵکۆڵراوە ".

ڕەگەزەکانی ناو هەڵکۆڵین (ئامێر ،قوڵی، نوێ)

ڕەگەزەکانی ناو یادگە (بیرهاتنەوە.ئاوەز، زانیاری)

دەرئەنجامی داڕشتنەکە لێکۆڵینەوەی قوڵ وماندووکەرلە یادگارییەکاندا .

کەواتە داڕشتن میکانیزمێکی داهێنانە ڕێگەمان پێدەدات واتای نوێ لەڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی نوێوە ،واتای نوێ بەرهەم دێت .

**٢-تەواوکردن Completion**

دووەم پرۆسەی تێکەڵکردنە ،چونکە بنیاتە تێکەڵکراوەکە پێوستی بە مەعریفەی پێشترە، ئەو قۆناغەیە کەئاوەز پشت بە پاشخانی مەعریفی، (ئەزموونی کولتووری، ئەزموونی پێشوو، مۆدێلی دەروونی) دەبەستێت ولەیادگەی درێژخایەن دەیگەڕێنێتەوەو بەکاریدەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی تێکەڵکردن، واتاکە ی پێ تەواودەکرێت بێ ئەوەی هەموو ڕەگەزەکانی بە ڕوونی لە زانیارییە هاتووەکاندا باسکرابن(Fauconnier, Turner,2002,40-57) بۆنموونە "ئەم بیرۆکەیە بە مردوویی لەدایک بووە". لێرەدا هیچ باسێک دەربارەی لە دایکبوونی ڕاستەقینە لەئارادا نییە، بەڵام ئاوەزبە وەبیرهێنانەوەی زانیاری پێشوەختە سەبارەت بە لەدایکبوون و ژیان و مردن تێکەڵکردنەکە تەواو دەکات، بەم شێوەیەش لە واتاکە تێدەگات،( بیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە شکست خواردوو بووە).کەواتە تەواوکردن ئەوەیە ئاوەزچاوەڕێی هەموو زانیارییەکان ناکات، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کردەی خستنە سەرئەنجام دەدات تاوەکو تێکەڵکردنەکە لە ڕووی واتاییەوە قبوڵکراو بێت ولێی تێبگەین.

**٣-تەواکردنی شێوەکان Pattern Completion**

تەواوکردنی شێوەکان پرۆسەیەکی مەعریفییە لەناو بۆشاییی تێکەڵکردندا ڕوودەدات، ئاوەزهەڵدەستێت بە پرۆسەی تەواوکردنی پێکهاتە یان شێوە چەمکییەکە لە بۆشایی تێکەڵاودا ، واتە ناسینەوەی شتێکی ئاشنا لەئەزموونی پێشترەوە وڕاستەوخۆ تەواکردنی لەلایەن ئاوەزەوە ،وەکو بینینی کەسێک ولەبیرچوونەوەی ناوەکەی ،لەسەربنەمای مەعریفەی پێشوولە یادگەی

درێژخایەندا ،کە چۆن ئەو شێوەیە بینیراوەو هەڵگیراوە ،کاتێک ڕەگەزەکانی بۆشایی جیاواز لە بۆشایی تێکەڵکردنی نوێدا تێکەڵ دەکرێن، ئاوەز بە سادەیی ڕەگەزە گواستراوەکان قبوڵ ناکات، خۆکارانە زانیاری پاشخان وەرئەگرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان تاوەکو دیمەنە دەروونییە نوێیەکە تەواو و لۆژیکی بێت ئەم تەواوکردنە پشت بە چوارچێوەی مەعریفی (پێکهاتەی مەعریفی ئامادەکراو سەبارەت بە دۆخە تایبەتەکان ) و،سیناریۆی هەڵگیراو (زنجیرە ی ئاسایی ڕووداوەکان )وزانیاری گشتی (ڕاستی و زانیاریی کولتووری هاوبەش )و،چاوەڕنکراوە لۆژیکیەکان دەبەستێ.

## ٤-پاڵەپەستۆ Compression

پاڵەپەستۆ لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان چەمکەکان کورت دەکرێنەوە بۆ پەیوەندییەکی سادەتر و ڕاستەوخۆتر لەناو بۆشایی تێکەڵاوکردندا.

جۆرە سەرەکییەکانی پاڵەپەستۆ: پاڵەپەستۆی پەیوەندییە زیندووەکان – پێکدێت لە گۆڕینی پەیوەندییەکانی وەک:

·کات ← بۆشایی ،بۆ نموونە:- لەپاش هەوڵدانێکی زۆر گەیشتم بەلوتکە ،پاڵەپەستۆ لەکاتداکراوە وبەیەک وێنە خراوەتە ڕوو "لوتکە" .

پاڵەپەستۆی هۆکارانە ←ئەنجام زنجیرەیەک هۆکاری پەیوەندیداری ئاڵۆز لە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی کورتدا ڕوون دەکرێتەوە بۆ نموونە :- " پور زازا" کچی ،یان کوری ،پورزا

·پالپەستۆی ناسنامە تاک /ناسنامەی تاکێک لە کاتە جیاوازەکانداهە ر وەکوپێشتر دەمێنێتەوە نموونە هەر کوردبووین وهەرکورد ئەبین

•پاڵەپەستۆی بۆشایی: مەودای جوگرافی پاڵەپەستۆکراو لە "نەخشە."یەکدا .

## ٥ -فراوانکردن Elaboration

ئەو پرۆسە مەعریفیەیە کە بەهۆیەوە بۆشایی تێکەڵاو Blended Space گەشە دەکات بە پێدانی وردەکاری زیاتر بۆچەمکەکان ،واتاکانی فراوان و، دەوڵەمەند دەکرێت ،دوای تێکەڵکردنی سەرەتایی لەنێوان بۆشاییە ئاوەزییە جیاوازەکان -Fauconnier ,Turner2002,40) ,57)،،یاخود ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئاوەز بەپێی لۆژیکی ناوخۆیی خۆی پێکهاتەی تازە تێکەڵکراو پرۆسێس دەکات، دەرئەنجام و واتا و پەیوەندی نوێ دروست دەکات کە بە ڕوونی لە بۆشایی هاتنە ژوورەوەی ڕەسەندا ئامادە نەبوون.ئەم پرۆسەیە پێکدێت لە تەواوکردنی نەخشەکان، پڕکردنەوەی بۆشاییە مەعریفیەکان و بەکارهێنانی زانیاری پاشخان و لۆژیکی ناڕاستەوخۆ بۆ گۆڕینی پێکهاتەی تێکەڵاو بۆ بوونێکی چەمکی تەواو و سەربەخۆ کە بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەبۆشایی هاتنە ژوورەوە تێبگات و پرۆسێسی- بکات و گەشە بکات کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە..

## ٦-سەپاندن وکەوتنی هەڵبژێردراو Selective Projection

میکانیزمێکی ئاوەزییە تەنیا ڕەگەز و پەیوەندییە تایبەتەکان لە بۆشایی هاتوو هەڵدەبژێردرێن و دەخرێنە ناو بۆشایی تێکەڵکردنەوە ، لەگەڵ دوورخستنەوەی ئەو ڕەگەزانەی کەپێویست نین لەکردەی تێگەیشتندا ، هەرچەندە لە بۆشایی ڕەسەنیشدا هەبن ،واتە هەموو شتێک لە بۆشاییەکانی هاتنەژوورەوە ناگوازرێتەوە بۆ شوێنی جێگیرکراو ،تەنها ئەورەگەزە دیاریکراوانە نەبێت کە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێن.

نموونە: "ڤایرۆسی کۆمپیوتەر"
بۆشایی یەکەم:( ڤایرۆسی بایۆلۆجی) ڕەگەزە کانی بریتیە لە: هەوکردن، نەخۆشی، بڵاوبوونەوە، لاوازی، مردن، چارەسەرکردن
ورەگەزی ،سەپاو هەڵبژێردراو: بڵاوبوونەوەی خێرا، زیان، هەوکردن
ڕەگەزی کەوتوو،لابراو: مردنی بایۆلۆجی، ئاماژە جەستەییەکان
بۆشایی دووەم:( کۆمپیوتەر)،ڕەگەزەکانی : بەرنامەکان، فایلەکان، سیستەمەکان، شاشە
بۆشایی تێکەڵکردن: تەنها تایبەتمەندییەکانی "بڵاوبوونەوەی خێرا" و "زیان" دەگوازرێنەوە، لەکاتێکدا لایەنە بایۆلۆژییەکان لادەبرێن یان دەکەوێرێن .

## ٢- بەشی دووەم

### ٢-١زمانی ئاماژە و وبۆشایی بینراو لە ڕوانگەی تیۆری تیکەڵکردنی چەمکی

زمانی ئاماژە سیستەمێکی زمانەوانی بینراو-جووڵەییە ، پشت بە دەست و جەستە و بۆشایی دەبەستێت بۆ بنیاتنانی واتا. تەنیا ئامرازێکی جێگرەوەی زامانی درکاو نییە بۆ پەیوەندیکردن ، خاوەنی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و واتاسازی سەربەخۆی خۆیەتی. زمانی ئاماژە بە توانای نوێنەرایەتیکردنی بۆشایی و چەمکە ئەبستراکتەکانە لە ڕێگەی میکانیزمە وێنەیی و مێتافۆریکەکانەوە ، ئە بۆشایی بینین دەکاتە توخمێکی سەرەکی لە ڕێکخستنی گوتار ودەستنیشانکردن پەیوەندی نێوان پێکهاتە زمانییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، بۆشایی بینراو بنەمایەک فەراهەم دەکات بۆ چۆنیتی تیگەیشتن لە کارلێکی نێوان نوێنەرایەتییە هەستی وجەمکییەکنان بۆبەرهەمهێنانی واتا ،کەدەتوانرێت لەجوارچێوەی تیۆری تێکەڵکردنی چەمکیدا شیبکرێتەوە بۆخستنەڕووی نموونەیەکی شرۆڤەییدا بۆچۆنێتی بنیاتنانی واتا ووێناکردنە ئاوەزییەکان لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی ئاماژەوە .

### ٢-١-١سروشتی بۆشایی لە زمانی ئاماژەدا

سروشتی بۆشایی لە زمانی ئاماژەدا ، بەکارهێنانی بۆشایی بەردەم جەستەی ئاماژەدەر بۆ بەهێماکردنی مرۆڤ، شت، ڕووداو، و پەیوەندییەکانی نێوانیان ،زمانی ئاماژە پشت بە بۆشایی سێ ڕەهەندی دەبەستێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی بۆشاییەکانی وەک سەرەوە، خوارەوە و تەنیشت، بە دانانی ئاماژە لە شوێنی جیاواز لەناو بۆشایی بینراودا. ئەمەش وای لێدەکات کە ژینگەیەکی کارا بێت بۆجێبەجێکرپۆرۆسێسکردنی تێکێڵکردنی چەمکی ناوچەی ئاوەزی هەمەجۆر دابیندەکات کە دەتوانرێت بنوێنرێن کارلک بکەن لەهەمان کاتدا ، لە کاتی گوزاشتکردن چەمکە ئەبستراکتەکاندا، زمانی ئاماژە پشت بە تێکەڵکردن پەیوەندییە هەستیەکان و چەمکییەکان دەبەستێت. بۆ نموونە چەمکی "پێشکەوتن" بە جوڵەیەک بۆ پێشەوە نیشاندەدرێت ،واتە تێکەڵکردنی ڕەهەندی شوێنی وکاتی ،ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی تێگەیشتن و نوێنەرایەتیکردنە لەزمانی ئاماژەدا ، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان تەنەکان بە شێوەیەکی بینراو لە ڕێگەی شوێن و ئاراستەکانی دەستەوە گوزارشتی لێدەکرێت ،پێکهاتەی ڕێزمانی لە زمانی ئاماژەدا لەسەر بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشداربووان لەڕێگەی بۆشاییەوە بوونێک شوێنێکی بۆشایی بۆ دیاری دەکرێت ،ئەمەش بۆشایی دەکاتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە دروستکردنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و،واتاییە کاریگەرەکان Klima & . ( Bellugi, 1979,27-30).

زمانی ئاماژە بۆ نوێنەرایەتیکردنی پەیوەندییەکان پشت بە بۆشایی سێ ڕەهەندی دەبەستێت :

**١- پەیوەندی ئاڕاستەکان-**

بە شێوەی وشەیی لە بۆشاییدا گوزارشتی پێدەکرێت: "سەرەوە" = دەست لە ڕووی فیزیکییەوە لە سەرەوەیە، "لە تەنیشت" = دەستەکان لە تەنیشت یەکترەوەن ،ئەم بەرجەستەکردنە ڕاستەوخۆیەی پەیوەندییەکان ،چەمکی پەیوەندیی دەکاتە ناوەندی پێکهاتەی زمانەوانی زمانی ئاماژە Emmorey, 2002,71-75)).

**٢- پەیوەندی یەکە پێکهاتەییەکان**

یەکە پیکهاتەییەکان لە زمانی ئاماژەدا لەیەک کاتدا نوێنەرایەتی پێکهاتەکان و پەیوەندی بۆشاییەکانیان دەکەن (Supalla,1986,181 )

·نموونە: نوێنەرایەتیکردنی ئۆتۆمبێلێک لە تەنیشت دارێک = دەستێک کە نوێنەرایەتی ئۆتۆمبێلەکە دەکات + دەستێک کە نوێنەرایەتی دارەکە دەکات + شوێنی ڕێژەیی نێوانیان، "تەنیشت" بە شێوەیەکی بینراو نیشان دەدرێت.

**٣ - پەیوەندی پێکهاتەی ڕستەسازی.**

ڕیکخستنی بۆشاییەکان، دانانی کەسی "A" لەلای ڕاست وکەسی "B" لەلای چەپ، پاشان ئاماژەکردن بەو شوێنانە بۆ قسەکردن لەسەریان. پەیوەندی نێوان بوونەکان لەڕێگەی شوێنی بینراوەو بنیات دەنرێت نەک تەنها لە ڕێگەی ڕێکخستنی وشەکانەوە . -Liddell, 2003,263 (270 )

**٤- نوێنەرایەتیکردنی وێنەیی چەمکە ئەبستراکتەکان**

زمانی ئاماژە پشت بە پەیوەندی بۆشاییەکان دەبەستێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان لە ڕێگەی دوو میکانیزمی چەسپاوەوە:

أ) میتافۆری ئاڕاستەیی :-جووڵە لە بۆشاییدا بۆ دەربڕینی واتا ئەبستراکتەکان بەکاردێت، وەک نوێنەرایەتیکردنی داهاتوو بە جوڵەیەکی پێشەوە و ڕابردوو بە جووڵەیەکی دواوە. ئەم شێوازە لە زمانی ئاماژەی ئەمریکی و زمانەکانی دیکەدا شێوازێکی پشتڕاستکراوەیە لە زۆربەی زمانە ئاماژەکاندا Emmorey, 2002,71-75)).

ب) نوێنەرایەتی بۆشایی پەیوەندییە ئەبستراکتەکان:

دەتوانرێت چەمکە ئەبستراکتەکان لە شوێنی تایبەتدا لەناو بۆشاییی ئاماژەکاندا دابنرێت، پاشان ئاماژەیان پێبدرێت بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکانی نێوانیان، هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ بوونە فیزیاییەکاندا ڕوودەدات لەکاتی دروستکردنی ئاماژ (Liddell, 2003,95-100 ) ەی نوێ (بەتایبەت بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان)، زۆرجار پەیوەندییە هەستییە-بۆشاییەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی پەیوەندییە ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنرێن.نموونە: "پێشکەوتن" لەوانەیە بە جووڵەیەکی پێشەوە + پەیوەندییەکی کاتی (بەرەو داهاتوو) نوێنەرایەتی بکرێت.

**٥- میتافۆرە چەمکییەکان:-**

میکانیزمێکی مەعریفییە بەڕێگەی چەمکە هەستیی وئاشناکانەوە چەمکە ئەبستراکت وئاڵۆزە ئاوەزییەکانی پێ شرۆڤەدەکرێت ،واتە بەڕێگەی بوارێکی ڕوون وئەزموونکراوەوە درک بەبوارێکی ئاوەزی دەکەین بە پێی تێڕوانینی تیۆری میتافۆری چە مکی مرۆڤ لە ڕێگە ی ئە زموونکردن و تێگە یشتن لە شتێک بە هۆی جۆر، یان بابە ت و شتگە لێکی دیکە وە لە جە وهە ری میتافۆر دە گات، بە دە ربڕینێکی دیکە ،جە وهە ری میتافۆر چە شنێکە لە تێگە یشتنی مرۆڤ هە مبە ر بە بابە تێک بە هۆی بە رجە ستە کردنی و پە سنکردنی شتە کانی دیکە ،وە لە م تێگەیشتن دێتە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ئاراوه ،له ڕوانگه یه شه وه میتافۆڕکار له سه ر دوو مه ودا ده کات ، ئه وانیش مه ودای سه رچاوه (Source Domain) و (مه ودای مه به ست Target Domain) میتافۆڕه کان له مه ودای سه رچاوەوە به ره و مه ودای مه به ست ده چنرێن ،واده کات به هوی مه ودای سه رچاوه وه تێگه یشتن له ڕووبه ڕو، پانتایی ئه زموونی مرۆڤ زۆر ئاسان بێت مه ودای مه به ستیش ده بێته ئه و چه مکه ی که قسه کەر یان نووسەر هه وڵی ڕاڤه کردنی ده دات ،(کەریم ،٢٠٢٢،٤٢).

زمانی ئاماژه میتافۆڕی چەمکی زۆر بەکاردەهێنیت ،بۆنموونه میتافۆری بۆشایی بۆ کات: داهاتوو = پێشەوه، ڕابردوو = پشت (پەیوەندییە بۆشاییەکان نوێنەرایەتی پەیوەندییە کاتییەکان دەکەن)

· میتافۆری بەرزی بۆ بەها: "بەرزتر" = باشتر/زیاتر (پەیوەندییەکی ئاسۆییە نوێنەرایەتی پەیوەندیی هەڵسەنگاندن دەکات)· تێکەڵکردنی چەمکێکی هەستیی (جووڵەی پێشەوه) و پەیوەندییەکی کاتی ئەبستراکت بۆ داهاتوو .(Taub, 2001,33).

**٢-٢ جیبەجێکردنی تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی لەزمانی ئاماژەدا**

تێکەڵکردنی چەمکی میکانیزمێکی مەعریفی گرنگە لە زمانی ئاماژەدا، لە ئامرازێکی زمانەوانی تێدەپەڕێت و دەبێتە پێویستییەکی پەیوەندیکردن و داهێنەرانە کەئەم زمانە جیادەکاتەوە و توانای پەرەپێدان و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییە پەرەسەندووەکانی کۆمەڵگەی نابیستان پێدەبەخشێت ،چونکە زمانی ئاماژە سیستەمێکی زمانەوانی بینراو-جووڵەییە ، پشت بە جەستە و بۆشایی دەبەستێت لە بنیاتنانی واتاکاندا، گوزارشتکردن وگەیاندنی وشە ئاماژەی ئامادەکراوی پێشوەختە نییە ، بەڵکو لەسەر بنەمای پرۆسەی مەعریفی ئاڵۆز بنیات دەنرێت کە ئەزموونی هەستیی، نوێنەرایەتییە ئاوەزییەکان و چوارچێوەی کولتووری لەخۆدەگرێت.( Armstrong,2011,14.) لەم چوارچێوەیەدا تیۆری تێکەڵکردنی چەمکی وەک چوارچێوەیەکی ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستکردنی واتا لە زمانی ئاماژەدا سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لە نوێنەرایەتیکردنی چەمکە ئەبستراکت و هەستی ونوێیەکانی پەیوەست بەتپێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە کە زۆربەی کات لەزمانی ئاماژەدا هاوتای وشە ئاماژەی جێگرەوە یان نییە .

**٢-٤ڕوخسارەکانی پرۆسەی تێکەڵکردن لەزمانی ئاماژەدا**

١- تێکەڵکردنی بۆشاییەکان لەیەک کاتدا:-لە زمانی ئاماژەدا ،ئاماژەدەر، دەتوانێت دوو چەمک یان زیاتر لە یەک کاتدا تێکەڵبکات بەکارهێنانی دەستەکان پێکەوە ،هەر دەستێک نوێنەرایەتی چەمکێکی جیاواز دەکات، و تێکەڵکردن لە نێوانیادا ولە بۆشاییدا ڕوودەدات. بۆنموونە ، نوێنەرایەتیکردنی "ئۆتۆمبێلێک کە خۆی بە دارێکدا کێشاوە" - دەستێک نوێنەرایەتی ئۆتۆمبێلەکە دەکات و دەستەکەی تر نوێنەرایەتی دارەکە دەکات، جوڵەکەش پێکدادانەکە نیشان دەدات.( هەمان سەچاوە.)

. دەستی ڕاست نوێنەرایەتی بۆشایی هاتنە ژورەوەیە

دەستی چەپ نوێنەرایەتی بۆشاییەکی تری هاتنە ژورەوەیە (ئۆتۆمبێل)

جوڵەی نێوانیان نوێنەرایەتی پەیوەندییەکە (پێکدادان)

گوزارشتی روخسار ،زیاد دەکرێت بە ترسان وناجێگیری ونائارامی لە ڕوخساروجووڵەکانی چاووئاڕاستەی بینین

هەمووئەمانە لەیەک ئاماژەی هاوکاتی بۆشاییدا گوزارشتی لێ دەکرێت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

٢- بەکارهێنانی بۆشایی ئاماژەکردن Signing Space:- :
ا-خاڵە بنەڕەتییەکان :- دەستنیشانکردنی شوێنەکان لەبۆشاییدا بۆ نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤ یان شتە جیاوازەکان.
ب- تێکەڵکردن بە ئاماژە: ئاماژەکردن بەرەو ئەم خاڵانە بۆ یەکخستنی چەمکەکان لە یەک چوارچێوەدا.
ج-نەخشە چەمکییەکان : دروستکردنی "نەخشەی ئاوەزی"ی بینراو لە بۆشاییداو لەبەردەم ئاماژەدەردا. . ٣-گۆڕینی پێکهاتەکان
ا-گۆڕانی جەستەیی: گۆڕینی دۆخی جەستە و گوزارشتی ڕوخسار بۆ نوێنەرایەتیکردنی کارەکتەرە جیاوازەکان.
ب- تێکەڵکردنی گێڕانەوەیی : تێکەڵکردنی چەندین دیدگا بۆ یەک چیرۆک.
·نموونە: گێڕانەوەی گفتوگۆیەک لە نێوان دوو کەس بە ڕێگای گۆڕینەوەی گفتوکانی نێوانیان.
٤- یەکە ئاماژەییەکان
ا- شێوەی گشتی دەستەکان کە نوێنەرایەتی پۆلی جیاوازی شتەکان دەکات (ئۆتۆمبێل، مرۆڤ ، ئاژەڵ)
ب- تێکەڵکردنی دەتسبەجێ ،گۆڕینی ئاماژەکانی ئاماژەدەربۆ کۆکردنەوەی چەندین تایبەتمەندی لەیەک ئاماژەدا ، بۆنموونە: ئاماژەدەر،ئاماژەی "کەسێک کە بە پێ دەڕوات" لەگەڵ ئاماژەی "هەڵگرتنی شتێکی قورس" لە یەک ئاماژەدا تێکەڵ دەکات ،لە ڕێگەی تێکەڵکردنی خێرای ئاماژەکانەوە .
**٥-زمانی جەستە :-** زمانی جەستە هاوڕێی سەرەکی زمانی ئاماژەیە و چەندین ڕۆڵی زمانی ورێزمانی دەبینێت ،خۆی لەگوزارشتی ڕوخساروجوڵەی سەروشانەکان ، یەکخستنی زانیاری ڕێزمانی و واتایی (Armstrong,2014,16) تێکەڵکردنی هەمەجۆردا دەبینێتەوە ،تێکەڵکردنی واتای دەستی و زمانی جەستەدا بۆ بەرهەمهێنانی چەمکێکی پێکهاتەیی ،واتە توانای پێشکەشکردنی چەند ڕەگەزێکی زمانی لە یەک کاتدا بە بەکارهێنانی چەند کەناڵێکی جیاواز (دەستەکان ،ڕوخسار، جەستە، بۆشایی دەوروبەر)،وەکو ئاماژەکردن بەکارێکی باش وشانازیکردن ، بەم شێوەیە ،ئاماژەی کارکردن+ ئاماژەی باش +گوزارشتی ڕوخساری بڕوابەخۆبوون +زمانی جەستە (شانازیکردن ) هێنانە پێشەوەی لایەکی شان بۆپێشەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەستی شێوە مست بۆسەرئاستی سنگ بۆئاماژەکردن بە هێزوشانازی .
٦- مێتافۆری بۆشایی :- جۆرێکە لە مێتافۆری چەمکی کە پەیوەندی بۆشایی بەکاردەهێنێت بۆ وێناکردن یان نوێنەرایەتیکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان .بە واتایەکی تر ئێمە بیرۆکەیەکی ئەبسرلتکت، وەک کات، هەست، دەسەلات، یان زانین، بە شوێنێک یان جوڵەیەک لە بۆشاییدا دەبەستینەوە.
سەرکەوتن لەبەردەمتایە" ← بەستنەوەی سەرکەوتن (چەمکێکی ئەبستراکت) بە شوێنێکەوە لەبەردەم قسەکەردا.
**تایبەتمەندییەکانی میتافۆری بۆشایی :-**
ا- بەرجەستەکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان: گۆڕینی بیرۆکە هەستییەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بۆشاییەکان
·نموونە: "ئاماژەکردن بەبەرزی= بەخێرو باشی وچاکە ودڵخۆشی واتە بیرۆکەی ئەرێنی" ،پێشەوە =داهاتوو ،هەلی گەورە،ڕابوردوو=ئاماژەکردن بۆ دواوە ،=دواکەوتن، گەڕانەوە بۆ

پێشتر.
ب- تێکەڵکردنی ئاراستەکان : بەکارهێنانی ڕەهەندە بۆشاییەکان بۆ تێکەڵکردنی چەمکە کاتییەکان ،یان ئەبستراکتەکان .(Fauconnier , Turner, 2002,34)
٧- ئایکۆنی وهاندەر:-Iconicity & Motivation ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان فۆرمی زمانەوانی و واتا، کە فۆرم ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەندێک تایبەتمەندی واتا (ئایکۆنی)یەکەیە، هەڵبژاردنی ئەم فۆرمەش ڕەوا یان هاندەرە بۆ واتا و کۆنتێکستەکە لە ئاسانکردنی تێگەیشتن و کردەی پەیوەندیکردندا لەبە بوونی ئەوتایبەتمەندیانەی کەپەیوەستە بەلێکچوونی بینراوەوە ،ئاماژەکان لاسایی شێوە یان جوڵەی چەمکەکان دەکەنەوە ،هەروەها ،تێکەڵبوونی سروشتی چونکە، چەمکەکان بە ئاسانی تێکەڵ بەوێنە بینراوەکانیان دەکرێن. frishberg ). (1975,696 بۆنموونە ،تێکەڵکردنی خواردنەوەی قاوە ،لە یەک ئاماژەدا ،جوڵە وشتەکە لەیەک ئاماژەدا تێکەڵ دەکرێت ودەنوێنرێت .

**٢-٣پراکتیزەکردنی میکانیزمەکانی تیۆری تێکەکردنی چەمکی لەزمانی ئاماژەدا**

**١-پێکهاتە:-** لەزمانی ئاماژەدا پرۆسەی تێکەڵاوبوون بە دروستکردنی پێکهاتەیەکی سەرەتایی دەست پێدەکات کە نوێنەرایەتی تێکەڵبوونی دوو توخم یان زیاتر دەکات بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ. بۆ نموونە دەتوانرێت چەمکەکانی "تورەیی" و "دڵەڕاوکێ" تێکەڵ بەئاماژەیەکی سۆزداری بکرێت کە گوزارشت لە حاڵەتێکی ئاڵۆزی گرژی دەکات. بۆنموونە :- وشە ئاماژەی دەمارگیری
١-ڕەگەزەکانی چەمکی دەمارگیری لەبۆشاییی یەکەمدا ،( تورەیی ،هەڵچوون ،برۆگرژکردن)
٢-لەبۆشاییی دووەمدا( دەمار،مرۆڤ ،بیرکردنەوە)
هەردووبۆشاییەکە هاوکاربوون بۆدروستکردنی چەمکێکی ئاڵۆزی هەستی نوێ بۆدروستکردنی وشە ئاماژەی دەمارگیری کەوشەیەکی ئەبستراکتی نوێیە .
نموونەی تر لەم جۆرە زۆرن لەزمانی ئاماژەدا کە تائێستا لە زمانی ئاماژەی کوردیدا وشە ئاماژەوزاراوەی ئاماژەیی نییە بۆ بەکارهێنان ،هەربۆیە پەنا بۆئەم جۆرە دارشتنانە دەبرێت بۆ هاوکاری ئاخاوتن وگەیاندنی واتا .

**٢- تەواوکردن** :- تەواوکردنی پێکهاتەی ونبوو بە بەکارهێنانی زانیاری پاشخان و چوارچێوە مەعریفیە هەبووەکانی پێشترو ئەزموونی تاکەکەسی لە ناوکۆمەڵگادا تەواودەکرێت . بۆ نموونە ،وشە ئاماژەی ئاڵوودە بوون ،خشاندنی پەنجەکانی دەستی ڕاست لەسەردەماری قۆڵی چەپ .
ڕەگەزەکانی چەمکی بۆشاییی یەکەم :بەرجەستە و هەستین وەکو ئازار و خوراندنی دەمارەکە جووڵەیەکی هەرەمەکیە دەستبردن بۆ دەمارەکە و پاڵەپەستۆ خستنە سەری ،ئاماژەیە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ .
ڕەگەزەکانی چەمکی بۆشاییی دووەم :-چەمکی ئەبستراکتن وەکوئاڵوودە بوون پێویستییەکی ناوەکی سەپێندراوە، دڵەراوکێی ناوەکی ،خۆکۆنترۆڵ کردنی ئەو شتە لەسەرهەستەکانی مرۆڤ هەردووبۆشاییەکە تەواکردن پێکدێنن بەگەڕاندنەوەی زانیاری پاشخان وگەڕان بەناویادگەدا بۆ واتاکانی دەست خوراندن وزمانی جەستەی کەسێکی ناجێگیر لەڕووی دەروونییەوە ولەرزین وڕەنگی مردووی پێست ئەمانەو چەندین زانیاری تر پێشتر لای بەرامبەرهەیە بە بینینی ئاماژەکە دەزانێت مەبەستی کەسێکی ئاڵوودەیە مەرج نییە ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەربێت بەڵام ئەوئاماژەیە گشتگیرە لەبەر نەبوونی ئاماژەی تربۆئاڵوودەبوون بەنیشتمان یان خێزان یان وەرزش ١٤٨. ئایین ٢٠١٣

لێرەدا تەواوکردن ئەوەیە کە بینەرلەناو ئاماژەکادا هەموو ڕەگەزەکانی واتای ئاڵوودە بوون نابینێ وەکو ماددەی هۆشبەر،جگەرە،ڕەفتار،هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ،بەڵام ئاوەز بە پشتبەستن بە مەعریفەی هەڵگیراوی پێشتروئەزموون  بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وێنەکە تەواو دەکات .
لەکاتی بینینی دەستبردن بۆ دەمار ئاوەز ئەم شتانە تەواو دەکات دەمار یەکسانە بە دڵەڕاوکێی ناوەکی جووڵەی دووبارە کراوە کۆنترۆڵ نەکردنی خود گوزارشتی ڕوخساری نا ئاسوودە ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئازار و ناڕەحەتی دەروونی یەکسانە بەئازارچەشتن ، کەواتە ئەو مرۆڤە یەکسانە بە ئاڵودە بوون .
**٣- تەواوکردنی شێوەکان :-** تەواوکردنی شێوە میکانیزمێکە لە تێکەڵکردنی چەمکی لە زمانی ئاماژەدا کە بەشێک لە ئاماژەیەک (بەزۆری جولەی دەست یان هەڵوێست) لەگەڵ بەشێک لە ئاماژەیەکی تر (وەک شێوەی دەست) بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ئاماژەیەکی نوێ و تێکەڵکردن. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ڕەگەزەکان لە دوو بۆشایی چەمکی جیاوازەوە وەربگیرێن و کۆبکرێنەوە بۆ پێکهاتەیەکی تێکەڵکردن، کە هەر ڕەگەزێک "تەواوکەری" ئەوی دیکەیە بۆ پێکهێنانی واتای نوێ. بۆ نموونە ،وشە ئاماژەی  گیان فیدا ، ئاماژەکەی بریتییە لە دانانی ناولەپی دەست لەسەردەم ولووت ، لەپی دەستی تر لەسەر ناوچەوان دادەنرێت (فەرهەنگی نابیستان ٢٠١٣) ئەم ئاماژانە هێمان بۆدەربڕینی دەم ولووت هەڵپێکان بۆ نەناسینەوە وناوچەوان بەستن هێمایە بۆپیاوانی ئازاوجەنگاوەر.پێکهاتەکانی:
بۆشایی  یەکەم چەمکی بینراو - داپۆشینی دەم:هێمایە بۆ،بێدەنگی، قسە نەکردن، ڕاگرتنی نهێنی، بەواتای ڕێگریکردن لە قسەکردن یان ئاشکرا نەکردنی ڕوخساری تاک دێت .
بۆشایی دووەم  چەمکی بینراو- بەستنی ناوچەوان ،هێمایە بۆ ،بیرکردنەوەی قووڵ، جێگیری بیروباوەڕ ، ئارامگرتنی  ئازار ،بەرگەگرتنی فشار،هێز دێت .
کاتێک ئەم دوو ڕەگەزە و لەیەک کاتدا تێکەڵ دەکرێن ، دەبنە یەک ئاماژە ، واتایەکی ئەبستراکتی نوێ بەرهەم دێت لەکاتێکدا چەمکەکانی پێشتر هەستی بوون ،بەهاوکاری وسوود وەرگرتن لەناواخنە واتاییەکانیان کەهەڵگری چەندین چەمکن  ،ئەو واتا نوێیەی لێوەرگیراوە کە بەشێکن لە واتا شاراوەکان وبەڕێگەی ئاماژە نوێیەکە واتای گیان فیدای لێ بەرهەم هاتووە .
هەردەستێک تەواوکەری واتای دەستەکەی ترە وپێکەوە چەمکێکی ئاڵۆزتربەرهەمدێنن و،وشە ئاماژەیەکی نوێ بە فەرهەنگی زمانی ئاماژەدەبەخشن .
پێکەوە = خۆڕاگری بەهێزلەگەڵ دەرنەبڕینی نهێنی و+ بێتوانایی دەربڕین = واتایەکی ئەبستراکتی ئاڵۆز
ئەمە نموونەیەکی ڕوونە کە چۆن ڕەگەزە جیاوازەکان تێکەڵ دەبن و شێوەیەکی تەواو پێکدەهێنن کە هەڵگری واتایەکی چەمکی دەوڵەمەند ترە ،وەک ئەوەی تەنها تێکەڵکردنی ئەو دوو،واتایە بێت لە نمونەیەکی تردا ،( پڕۆسەی هاوسەرگیری سودبەخشە بۆ مرۆڤ ).
کورتکراوەی - جووڵەیی: لەبری ئەوەی هەموو ئاماژەکە تەواو بکات، ئاماژەدەر تەنها بەشی یەکەم بەکاردەهێنێت .بەم شیوەیە ،تەنها ئاماژە بە پەنجەی برای توتە وبەتایبەتی شوێنی ئەڵقەی هاوسەرگیری وئاماژەی باش کەئەسپێ کوژە بەرزدەکرێتەوە بۆسەرەوە دەکرێت ،بۆ هەبوونی ئەڵقە لەدەستدا کەشتێکی باشە ، وەرگرلەڕێگەی دەوروبەروکۆنتێکستەوە تێدەگات کە قدسەکەر مەبەستی هاسەرگیرییە، چونکە کۆنتێکستەکە ڕوونە .یەک لە دوای یەک هاتنی خێرای ئاماژەکان، ڕەنگە هەندێک جووڵە کورت بکرێتەوە ،چونکە ئاوەز خۆی کردەی نەخشە چاوەڕوانکراوەکە تەواو دەکات ،ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێرایی و ڕوانین لە پەیوەندی زمانی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

ئاماژەدا، هەروەک چۆن ئێمە هەندێک وشە لە زمانی درکاوماندا لادەبەین ورستەکە کورت دەکەینەوە.

**٤-پاڵەپەستۆ:-** لە تێکەڵکردنی چەمکیدا، پاڵەپەستۆ بە واتای کەمکردنەوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکان (کاتی، هۆکار، کۆمەڵایەتی، یان سۆزداری) دێت .بە یەک ئاماژە یان جووڵەیەکی چڕدەنوێنرێت ، بە ئاسانی وبە شێوەیەکی بینراو لە زمانی ئاماژەدا هەستی پێدەکرێت.بۆنموونە لەئاماژەی دەرچوون ،بڕینی قۆناغیکی خوێندن ،تەنها بەئاماژەی بڕوانامە دەنوێنرێت بەبێ ئەوەی کە هۆکارەکەی باسبکرێت کە زنجیرەیەکی کاتی دوورودرێژە شەونخونی وماندووبوون وزیرەکی وئەنجام لەیەک ئاماژەدا دەنوێنرێت ،لەبری ئەوپەیوەندییە ئاڵۆزە کاتییە ،واتە گۆڕینی تۆڕێک لە ڕووداوەکان یان واتاکان بۆ وێنەیەکی پوخت و جوڵەیی.

**٥- فراوانکردن:-** لەم پرۆسەیەدا وردەکاری یان ڕەگەزە نوێیەکان بۆ پێکهاتە چەمکییە نوێیەکە زیاد دەکرێن ،ئەم ڕەگەزە واتاییە نوێیانە بە ڕوونی لە هیچ کام لە بۆشایی چەمکی سەرچاوەکاندا ئامادە نەبوون لە لۆژیکی ناوخۆیی خودی بۆشایی تێکەڵکردنەوە سەرهەڵدەدەن، و بە سادەیی لە بۆشایی هاتنە ژوورەوە ڕەسەنەکانەوە ناگوازرێنەوە. بۆنموونە ئاماژەی (بەرپرسیارییەتی ) لەزمانی ئاماژەدا:-

بۆشاییی جەمکی یەکەم: ئاماژە یە بەتاک (کەس ،مرۆڤ)

پەنجەی ئەسپێ کوژەی ئاسۆیی ڕوولەسنگ + پەنجە ی دۆشاومژەی ستوونی، پیتی ل پێکدەهێنێت لەشێوەدا ،بەواتای کەسێکی دیاریکراو، بوونێکی سەربەخۆ، تاکێکی بەرجەستە

بۆشایی چەمکی دووەم :- (کۆمەڵگا ،گرووپ،ڕێکخراو)

دەستەکان بە شێوەی نیمچە بازنەیی، لەبەردەم سنگ وبەرامبەر یەکترڕادەگیرێن ،بە واتای گرووپێک، کۆمەڵگەیەک، چوارچێوەیەکی فیزیکی یان کۆمەڵایەتی بەرجەستە لە ئەنجامی تێکەڵکردنەکە چەمک و واتایەکی ئەبستراکت بەرهەم دێنێت ئەویش بەرپرسیارێتیە ،واتاکان ڕاستەوخۆ دیار و بەرجەستە نین ،ناتوانرێت بە تەنیا لە هیچ کام لەودووئاماژەیە هەڵبهێنجرێت،چونکە چەمکێکی کۆمەڵایەتی-ئاوەزی ئەبستراکت، لە تێکەڵکردنی ئەو دوو ئاماژەیە وەرگیراوە .

**٦- سەپاندنی هەڵبژێردراو یان کەواندن :-** لەزمانی ئاماژەدا تەنها ئەو ڕەگەزانە هەڵدەبژێردرێت کە دەتوانرێت وێنە ،یان وێنایان بکرێت یان شرۆڤەبکرێن ودوورخستنەوەو کەواندنی ئە و ڕەگەزانەی کەهیچ کام لەم پرۆسانە نایان گرێتەوە بەگوزارشتکردنیان بە ئاماژەی گونجاوبۆ گەیاندنی واتاو پەیام ودروستکردنی چەمکێک لای نابیست وفێرخوازی نابیست

. بۆنمونە لەزاراوە زانستییەکاندا ئەم نموونەیەمان وەرگرتووە :-

ئاماژەی(پەڕینی جینات) ،ئاماژەکەی بریتییە لە گوستنەوەی شتێک لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی ترپاشان شرۆڤەکردنی واتاکانی وبۆماوەیی بە ئاماژەکردن بە سیفاتەکانی باوک باپیر ودایک ڕەنگی پێست باڵا ڕەنگی چاو سروشتی کەسەکە

بۆشاییی یەکەم هەستی بینراو(کردەی گواستنەوە ،خێزان ،منداڵ)

بۆشاییی دووەم هەستی بینراو (باپیر،باوک دایک ،سیفاتەکانیان )

کەرەستەی لابراو(ڕەگەزە لولپێچییەکان ،وردەکاری پێکهاتە کیمیاییەکان ، قەبارەی ڕاستەقینە، سیستەمی شفرەکان)

بەئاماژەی گواستنەوەی سیفاتەکانی باوباپیران ئاماژە بە پەڕین دەکرێت لە کاتێکدا کەئەوئاماژەیە چەمک وئەرکی زانستی پەڕین نییە لەهیچ یەکێک لە بۆشاییەکاندا ،بەڵکوو گواستنەوەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

بۆماوەییە ،لەبەرنەبوونی ئاماژە پەنا بۆئەم شرۆڤانە دەبرێت .

**ئەنجام**

١-زمانی ئاماژە پشت بە تێکەڵکردنی چەمکی دەبەستێت وەک میکانیزمێکی بنەڕەتی بۆ بنیاتنانی واتا. ئاماژەکان هەر واتای ڕاستەوخۆ بەرهەم ناهێنن ، بەڵکو پێکهاتەی واتاسازی نوێش دروست دەکات کە لە ئەنجامی کارلێکی دوو یان زیاتر بۆشایی چەمکی لەناو بۆشایی بینراودا دروست دەبێت.

٢-پرۆسە مەعریفییەکان وەکوپێکهاتن ،تەواوکردن سەپاندنی هەڵبژێردراو، پاڵەپەستۆ و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە کەمکردنەوەی بۆ پێکهاتەیەکی بینراوی چڕ و لە هەمان کاتدا چڕی واتا دەپارێزن.

٣-تێکەڵکردنی چەمکی چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک کات، هەست و بەهاکان دەگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتییە بینراوە جوڵەییەکان، ئەمەش ئاشکرای دەکات کە واتا لە پێکهاتەی تێکەڵاوەوە بنیات دەنرێت نەک لە ئاماژە تاکە کەسییەکانەوە.

٤- میتافۆروئایکۆنیک لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی چەمکی ئاوەزی وفیزیکییەوە ،واتا ئاڵۆزەکان بەرهەم دەهێنن، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە زمانی ئاماژە سیستەمێکی مەعریفی-زمانییە کە پێکهاتە هەستی و زمانەوانییەکانی تێیدا تێکەڵ دەبن.

٥-جەستە و پێگەی ئاماژەدەر توخمە پراگماتیکییە چالاکەکانن لە بەرهەمهێنان و گونجاندنی واتا لەگەڵ کۆنتێکستی پەیوەندیکردندا، کە سروشتی دینامیکی زمانی ئاماژە بەرجەستە دەکەن.

**لیستی سەرچاوەکان**


بە زمانی کوردی

- تریفە عومەر ئەحمەد ،ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد ،هێزی واتای سیمانتیکی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ ٢٠٢٣ ژ٣ خولی ١٠.
- حسین، شیلان عمر. (2012). مورفوسینتاکسي- ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بە شی (B) ژمارە: ٣٥، لا: ٧-٢٤ .
- غریب، نالي أدهم. (2024). ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە. گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.
- قادر، کاروان عمر، & غریب، نالي أدهم. (2020). ریزماني بونیادنان لە زمانی کوردیدا: تویژینەوەیەکی هەڵبژێراو لە نامەی دکتۆراوە وەرگیراوە Journal of the College of Languages.
- محمد ،کەژاڵ جیهانبەخش ،احمد،بێستون حسن ،محمد،داراحمید ،٢٠٢٣،تیۆری فەا ئاوەزییەکان ،چەمک وبنەما لەزمانی کوردیدا خولی ١١،ژ١
- ئەحمەد، محەمەد کەریم. (2022). درکپێکردنی وێنەی میتافۆری لەکۆدی شیعریدا (نامەی ماجستێر). زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزور، بەشی زمانی کوردی
- بەزمانی عربی
- الزناد، الأزهر، (2015)، مدخل في نظرية المزج (ط1). منشورات جامعية بمنوبة.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- بياجيه، جان، (2025)، سيكولوجيا الذكاء (ترجمة باسم صابر ميخائيل، ط1). دار خطوط وظلال.
- سوسير، فرديناند دي(2005)، محاضرات في اللسانيات العامة (ترجمة يوسف غازي ومجيد دحدوح). دار الحوار. (العمل الأصلي نشر 1916).
- بوطيش، زينب (2022). نظرية الفضاءات الذهنية في ضوء اللسانيات العرفانية. مجلة أفانين الخطاب، 2(1).

به زمانى ئنگليزى

- Armstrong, J. (2014). Cognitive spaces: Expanding participation framework by looking at signed language interpreters' discourse and conceptual blending. Translation & Interpreting, 6(1), 1–22.
- Armstrong, J. A. (2011) Conceptual Blending in American Sign Language Interpretations. PhD thesis, Ball State University
- Liddell, S.K. (2000). Blended spaces and deixis in sign language discourse. In: McNeill, D. (ed.) Language and Gesture. Cambridge: Cambridge University Press, ..
- Fauconnier (Gilles 1994). Mental spaces: Aspects of meaning Construction in natural language. Cambridge University Press. -
- Fauconnier, G. (1997). Mappings in thought and language. Cambridge University Press.
- Fauconnier, G., & Turner, M. (2002). The way we think: Conceptual blending and the mind's hidden complexities. Basic Books.
- FRishberg, N. (1975). Arbitrariness and iconicity: Historical change in American Sign Language. Language, 51(3).
- Klima, E. S. and Bellugi, U. (1979) The Signs of Language. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Lakoff, G. and Johnson, M. (1999) Philosophy in the Flesh: The Embodied Mind and its Challenge to Western Thought. New York: Basic Books
- Sandler, W., & Lillo-Martin, D. (2006). The grammar of sign language: An introduction. Cambridge University Press.
- Smith, E. E., & Medin, D. L. (1981). Categories and concepts. Harvard University Press
- Supalla, T. (1986) 'The classifier system in American Sign Language', in Craig, C. (ed.) Noun Classes and Categorization. Amsterdam: John Benjamins
- Taub, S. F. (2001) Language from the Body: Iconicity and Metaphor in American Sign Language. Cambridge: Cambridge University Press,

- Thorvaldsdottir, G.B. (2008). Mental Space Theory and Icelandic Sign Language. ITB Journal, 9(1).
- Tylor, E. B. (1971). Primitive culture: Researches into the development of mythology, philosophy, religion, art, and custom. John Murray. Journal of the College of Languages.

List of sources
in Kurdish
• Trifa Omar Ahmad, Rostam Mohammed Ahmad, Semantic Meaning Power According to Prototype Theory 2023 Vol.
• Hussein, Shilan Omar. (2012). Idiom morphosyntax in Kurdish. Journal of Sulaimani University, Part (B) No.: 35, pp. 7-2
• Gharib, Nali Adam. (2024). Technological language working strategies related to the theory of hydraulic gaps. Kurdistan Journal of Strategic Research.
• Qadir, Karwan Omar, & Gharib, Nali Adam. (2020). Construction Grammar in Kurdish: A Selected Paper from a PhD Thesis. Journal of the College of Languages.
• Mohammed, Kejal Jehanbakhsh, Ahmad, Bestun Hassan, Mohammed, Darahmid,
• Ahmad, Mohammed Karim. (2022). Understanding metaphorical images in poetic code (Master's thesis). Halabja University, Sharazoor College of Education, Department of Kurdish Language
• In Arabic
• Al-Zanad, Al-Azhar, (2015), Introduction to the Theory of Mood (Vol. 1). Selected university publications.
• Biajieh, Jean, (2025), Psychology of Zakah (translated by Bassem Saber Mikhail, vol. 1). The tree of lines and shadows.
• Saussure, Ferdinand D. (2005), Lectures in Popular Languages (translated by Yousef Ghazi and Majid Dahdouh). Dar al-Hawar. (Original work published 1916).
• Butish, Zeinab (2022). Theory of mental spaces in the light of mystical languages. Afanien Al-Khattab Magazine, 2(1).

- Armstrong, J. (2014). Cognitive spaces: Expanding participation framework by looking at signed language interpreters' discourse and conceptual blending. Translation & Interpreting, 6(1), 1–22.
- Armstrong, J. A. (2011) Conceptual Blending in American Sign

Language Interpretations. PhD thesis, Ball State University

- Liddell, S.K. (2000). Blended spaces and deixis in sign language discourse. In: McNeill, D. (ed.) Language and Gesture. Cambridge: Cambridge University Press, ..
- Fauconnier (Gilles 1994). Mental spaces: Aspects of meaning Construction in natural language. Cambridge University Press. -
- Fauconnier, G. (1997). Mappings in thought and language. Cambridge University Press.
- Fauconnier, G., & Turner, M. (2002). The way we think: Conceptual blending and the mind's hidden complexities. Basic Books.
- FRishberg, N. (1975). Arbitrariness and iconicity: Historical change in American Sign Language. Language, 51(3).
- Klima, E. S. and Bellugi, U. (1979) The Signs of Language. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Lakoff, G. and Johnson, M. (1999) Philosophy in the Flesh: The Embodied Mind and its Challenge to Western Thought. New York: Basic Books
- Sandler, W., & Lillo-Martin, D. (2006). The grammar of sign language: An introduction. Cambridge University Press.
- Smith, E. E., & Medin, D. L. (1981). Categories and concepts. Harvard University Press
- Supalla, T. (1986) 'The classifier system in American Sign Language', in Craig, C. (ed.) Noun Classes and Categorization. Amsterdam: John Benjamins
- Taub, S. F. (2001) Language from the Body: Iconicity and Metaphor in American Sign Language. Cambridge: Cambridge University Press,
- Thorvaldsdottir, G.B. (2008). Mental Space Theory and Icelandic Sign Language. ITB Journal, 9(1).
- Tylor, E. B. (1971). Primitive culture: Researches into the development of mythology, philosophy, religion, art, and custom. John Murray. Journal of the College of Languages.